# چەند کۆڵبەرێکی شیعری کوردی



خوسرەو جاف

# ناسنامەی کتێب


❀ **ناوی کتێب:** چەند کۆڵبەرێکی شیعری کوردی

❀ **بابەت:** ئەدەبی

❀ **نووسینی:** خوسرەو جاف

❀ **نەخشەسازی ناوەوە:** موحەمەد حوسێن خەتی

❀ **بەرگ:**

❀ **چاپ:** یەکەم - ٢٠٢٠

❀ **تیراژ:** ١٠٠٠ دانە




# چەند کۆڵبەرێکی شیعری کوردی

خوسرەو جاف

چاپی یەکەم
٢٠٢٠

## ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| سەروەرانم! | ٧ |
| وەلی دێوانە و هەقیقەت | ٩ |
| گـۆران | ٤١ |
| بە بۆنەی بیرەوەری مەرگی حەسیب قەرەداغییەوە | ٦١ |
| هێمن موكریانی | ٧١ |

## سەروەرانم!

شیعر، کاکڵە و سەرمایەی حەقیقی ڕۆشنبیریی کورد بووە، چ ئەوسا و چ ئێستایش... بەداخەوە ئەمیش وەک زۆر بابەتی تر ئەوڕۆکە شەلە و لەنگ بەڕێوە دەڕوا. بەندە بەو لەنگییەی ڕازیم ترسی گێڕ و گەوارکردن و بۆ هەمیشە سەقەتکردنیم لێنیشتووە، خوا بکات هەڵەبم و وا نەکرێ.

ڕەنگە ئەو ئازادییەم بدەیێ سەرسووڕپووردەی هەر شاعیرێک بم، جا لێم مەگرە بۆ ئەو چوار شاعیرەم هەڵبژاردووە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێت سەرسام بەوانی تر.

لەوەی دڵنیابووم ڕووح و ڕەوانی "وەلی دێوانە"ی لە خۆی بێ مەئواتر و سەرگەردانتر بووە، بەسەر سەرتاسەری کوردستاندا دەچەرخایەوە و هەواڵی مەزڵوومیەتی خۆی دەگەیاندە ڕۆشنبیرانی کورد، حەیف گوێیان لێ نەگرت، هەروا بە نەخوێندەوار و عاشقە ڕووتەیەکیان دەزانی تا هاتە خەوم و دەردی دڵی بۆ کردم بە سبەینێدا کەوتمە تەقالاوە، دوای دوو سێ ساڵ توانیم کتاوی "وەلی دێوانە" بخەمە کتاوخانەی کوردییەوە و پێگە و جێگەی لە دونیای تەسەووفدا بخەمە بەرچاوی خوێنەران و هەروەها پۆرترەکەشی.

لە لایەکی تر دەنوارمە خەڵوەتگای " مەولەوی"دا فکر و هۆشم دەکەوێتە فڕین و لە پەرستگای دونیای تەسەووف ڕاز و نیازیدا دەنیشمەوە و پەنجە لە قوفڵی مەزاری حەق و حەقیقەت گیر دەکەم و

سەرخۆشی بادەی ئەزەلی دەبم و قامەتی ستایش و حەقبێـژی دەکەمە پیشە.

کاتێــــک گــــۆران دەخـــــوێنمەوە، دووبـــــارە و چەنــــــدبارە لە هەر خوێندنەوەیەکدا ڕازێکم بـۆ وەدەر دەکەوێـت دەیسـەلمێنم هەڵەبـجە و شارەزوور هەوارگەی داهێنەرانە.

گۆرانی بێ پشتوپەنا دەستاگیرسێنی داهێنانی بەدەستەوە گرت و قــوژبنە تاریکەکــانی ڕۆشــنکردەوە و بــانگەوازی بەڵــی ئەوەتــام و فەرهەنگی جوانی و زەڕافەتی سروشـتم لەبن دەسـتە و بەرەو مەئـوا و مەڵبەندی کەڵەپیاوان و پیاوسالارنی شیعری کوردی بەڕێوەم.

خــۆ شــەیداکەی موکریــان، گــڕی دەروونــی پــڕ لە ژانــی بــۆکپووزی سەرتاسـەری کوردسـتانی گرتبـووەوە. نـاڵەی شـەوبێداری و تەنهـایی " هێمن" داستانێکی فرمێسکاوی دونیـای مەزڵـوومیەت و بێ دەرتـانییە، نەک تەنها بۆ ئێمەی کورد بەتەنهایی، بەڵکوو بـۆ گەلانـی ئـازادیخوازی تەواوی جیهان سمبوولێکی ڕاستەقینەیە.

شـێخەکەم کـاکە حەسـیب، هەر خەلـیفەکەی ئەوسـام، هەروەک ئەوسـا هەیکەلی ژان و ویژدانم تا بە ئەوڕۆ بەرگەم گردووە، ئای چەند تاسـۆی دانیشتنەکانی جارانم، چاوەڕوان بە وا هاتم.

خوسرەو جاف

٢٠٢٠ /٧/٢

# وەلی دێوانە و هەقیقەت

## ١٨٢٦- ١٨٨٦ز

ئەوە حاشـاهەڵنەگرە بەدبەختتـرین و کڵـۆڵترین شـاعیری سـەردەمی خۆی و ئێستایش وەک وەلی دێوانە نەبووە.

وەلی لە قۆناغێکدا ژیـاوە دەوروبەر و چوارتەنیشـتەکەی نەیانـدەزانی بیخــوێننەوە، نەیانــدەتوانی پەی بە ڕازی هەقیقەتــی دەردی وەلــی ببەن.

هەمیشـــە هەروابـــووە و زۆربەی حەقیقەتەکـــان چ ئەوســـا و چ لە ئێستاشدا لە تەمومژدان و شاراوەن، سا لە نەزانـین یـان دەسـتکردی جەببـارانی ئەوسـا و ئێسـتا بـێ، یـان بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدیی تاکەکەسێک، گرووپێک، دەستگایەک، حزبێـک، چـوزانم دەسـتەڵاتێک بێت.

ئیدی هەروابووە بەداخەوە تا بە ئەمڕۆیش ئاش هەمان ئاشە.. باشـە ئەوسـای ئەوسـا دونیـا یەکجـار بـێ بـن و بـێخ بەربڵاوبـووە، حەج ڕۆیشـتن دوعـای "مەیتیـان" بە دوادا دەخوێنـد، ئەوەنـدە "کابە"یـان بەلاوە دووربووە.

سەیرە ئەوە... ئەوەسا دونیا پڕی چنگێکە کابرا لە ژوورەکەی خۆیدا بە خشاندنی سەر گۆی پەنجەکانی لە چرکەیەکدا دەگاتە ئەوپەڕی دونیا، بەڕ و بەحر و ئاسمان و ڕێی کەشکەڵانی فەلەک و کاکێشان دەگرێتە بەر، کەچی ئێمە بەدەستی هەقیقەتی وەلی دێوانەوە داماوین!

ڕاستە مرۆڤ بە مەزڵوومیەتەوە جوانترە تا زاڵمبوون، بەڵام نزیکەی دووسەت ساڵ ئازاردانی ڕووح و ڕەوان، دووسەدساڵ مەزڵوومیەت، بێ ڕێزی پێگە و جێگەی وەلی دیوانە، بێ سەروبنبی دونیای ڕۆشنبیری ئێستای ئێمە وەدەردەخات.

ئەوە مرۆڤ لە هەزارەی سێهەم دایە، هەزاران مرۆڤی فۆتۆکۆپیکراو لە کۆمەڵگەی بەشەریەتدا دەژین، کەچی "مامەکوردە" ئاگاداری کەڵەشاعیرانی خۆی نییە.

جگە لە لێکدانەوەی شیعرەکانی "نالی" تا ڕۆمانی "شازادە و شاعیر"ی بەندە، هیچ لە ژیان و بەسەرهاتی نالی نەدەزانرا.

لەم بنەدەستەیدا هیچ ئاگاداری ڕووداوەکانی زیندەگی "خانای قوبادی" نییە، ئەوسا زیندەگی و هەقیقەتی وەلی دێوانەیش خراوەتە تاریکستان و زوڵمەوە.

هەقیقەت چەندە شیا و ڕەنگینە! چەند هێندە تفتوتاڵ و خوێنینە، لە مێژووی ڕابردوو ڕاستە ئێمە کورد ئەوە دوو هەزار و پێنجسەد

ساڵە لە پەراوێزدا ژیاوین، هەزاران لە نەخوێندەواری و یەکترکوشتن تێوە گلاوین.

ئەوە بیست ساڵە بانگەوازی سەرفرازی و من، منم، دەگەیەنینە دۆست و دوژمن... یەشتا نەمانتوانیوە لە زۆربەی زۆری هەقیقەتەکان نزیک ببیتەوە، یەشتا مێژوویەکی نووسراوی دروست و حیسابیمان بەدەستەوە نییە...

یەشتا هەزاران وشە و واژەی ڕەسەنی زمانەکامان لە دەڤەرەکاندا بێ خێو و خاوەن کەوتوون، خەرمانێکە بۆخۆی یەشتا کەس یا دەستگایەک بیری لە نزیکردنەوەی شێوازەکان نەکردووتەوە، یەشتا سیستەمی پەروەردە پەیڕەوی سیستەمی "مووسایەر عالمەزە"ی حەفتا ساڵ لەمەوبەرە ... یەشتاکان زۆرن دەگەڕێمەوە سەر هەقیقەت.

ئەوەیان ڕوونە و دوو ڕووباری شێتانە و کەفچڕێن، وەلی و هەقیقەت تێکەڵاوبوونە، ئەویش لە چوار تەنیشتێکدا نە هاودەمی، نە هاوغەمی، وەلیی بێدەنگ، بێڕەنگ، گۆشەگیر و بێ تەکبیر، بە دوای خاڵی نەبینراودا، بە دوای ڕازی نەزانراودا، ئاسمانی بێ بن و بێخی فکر و ئەندێشەی تەی دەکرد.

ڕۆح و ڕەوانی سەرکێشی نەوازش دەکرد، عاشقانە ڕازەکانی ستایش دەکرد، دەیویست تێ بگات، دەیویست پێ بگات، ئیتر میرزای

شیرین گفتار، ناسک ڕفتار، لە تاریکیی شەودا بێ چـرا، لە ڕۆشـنایی بـێ هەقیقەتـدا تێـدەفکرا و ڕۆژبەڕۆژ لە دەوروبەری دادەبـڕا... وردە وردە وای لێهـات نە ژیـان نە ژان نە برسـێتی، نە هـاڵاوی گەرمـی گەرمیـان، نە ئـاوری گەوجـانەی دەوروبەر، نە هـۆز نە خـوێش، نە یاران نە بەشەر، نەیاندەتوانی زنجیرەی تێفکرینـی وەلـی بپچڕێنن... سـەرەنجام خێـڵ و هەوارگەی بەجێهـێڵا و دەشـتودەر و هەردەکـانی گەرمیـانی گـرتەبەر، لە کێـو و کەمەردا، لە دونیـای پـڕ لە ڕازی تەنهاییدا، هەر جووڵانەوەیەکی بە ڕازێک دەزانی، هەر شنەی بـایەکی بە سازێک دەزانی، هەر خورپە و ورتەیەک بە نەوایەک، هەر بزیسـکە و بریسکەیەک بە چرایەک، چرای ڕێگەی پـڕ لە هەڵەت و هەڵـدێرگای عیشق، مەحڕوومییەتی عیشق.

وەلی دەمێک بوو هەوارگەی خێڵی بەجێهێڵابوو وردە وردە شێروانە و هەردەکانی کانی چایلەی زێد و شوێنی تیرەی کەمـاڵەیی بەجێهـێڵا و لە ئاسمانێکی بەربڵاوتردا کەوتە فڕین...

لێرەوە ئیتر بە "دێوانە" ناسرا و چێژ و لەزەتی لە دێوانیەکەی خـۆی دەبـرد و وەک باڵـندەیەکی تـازە هۆکـارەی فـڕین، هەڵەت بە هەڵەت نـزار بە نـزار لەبـن هەر گـابەرد و دەوەنێکـدا تێـدەفکرا... وێـڵ و سـەرگەردان، هەر تاوێـک لە جـێگەیەک، هەر سـاتێک لە دووڕیـان و ڕێگەیەک، دەمێ هەنگاوی شێتانە، دەمێ ئارام و ژیرانە، دەڕۆیشت و دەوەستا..

ڕاستەوخۆ نەیدەوێرا عیشق بدوێنێ، لە گڕ و گڵپەی عیشق دەترسا، بە وردی و بە باشی تێدەفکرا، دەستەگیرەی دەتاشی، ئاشووفتە و پەریشان بە دوای چاوساغێکدا، زانایەکدا، دانایەکدا تا لە دونیای عیشقدا بیکاتە پرد و لە عیشقەوە نزیکی کاتەوە، ئەوەسا دەڵێت:

**دەلیل شەم نەدیت، دەلیل شەم نەدیت**
**جەلـێڵاخ ئامـای سـپی شـەم نـەدیت**

**ئاهوی سـەر قـەتار نـەوای ڕەم نـەدیت**
**نـوور بینـایی هـەردوو چـەم نـەدیت**

دەنـوارِی چ گـران و بـێ ئامانـە، هـەردی شـەم چ بـێ پایانـە، وا عەودالانە سەرمەستانە، دێوانەکەی گەرمیان بەڵگە دەتاشێ و پـەنا دەباتە بەر "دەلیـل" زەبوونانـە دەپاڕێتـەوە، دەخیـل دانـای ڕۆشـن، هاوار مامەی ڕێبوار، تۆ کە ئەم هەموو ئاسمان و کەژ و کێو و گۆم و زۆم و خەڵک و بەخت و دار و درەخت و شینایەتیت دیوە،

**نەشـیاوە شـەمت نـەدی بێـت؟**
**جـەیران چەریـدەی پـای هـەردان نـەدیت؟**
**ڕەفیـق هـام دەردگشـت دەوران نـەدیت؟**
**سـەوڵ سـایەدار سـەهەندان نـەدیت؟**
**گوڵ خونچـەی گـوڵ بـۆ گوڵخەنـدان نـەدیت؟**

میرزا نەشیاوە تۆ تەماشاکەری سەوڵی سەهەندان بیت و شەمت نەبنی بێت؟ شەم سەرداری ڕەندانە، شەم پێشقەڕەوڵی خێڵانە، شەم نازداری باوانە، شەم سروودی خوایە، شەم عشقی ڕەوایە.

میرزاکەی گەرمیان، وەلی دێوانەی جوانەمەرگ، لە گوزەرگای خێڵا لە کەلی پەیکوڵی دا ژیان دەباتە سەر و هەر لەوێشدا کۆچیدوایی دەکات و خۆیشانی تەرمەکەی دەبەنە گۆڕستانی سەیدسادق، کە ئەو دەم بە ئارامگەی گەورە پیاوان دەژمێردرا.

وەلی دێوانە هاوسەردەمی کەیخوسرەو بەگی گەورە بووە، کە دەکاتە باوکی حەمەپاشای جاف، ئەوەتە گۆڕەکەی لەمبەری جادەوە بەرانبەر گۆڕەکەی وەلی دێوانەیە لە سەید سادقدا.

وەلی دێوانە لە بنەماڵەکەی ئێمەیدا چ ئەوسا و چ ئێستایش بوون و تەواجوودی زۆر بووە، بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە بنواڕە کەشکۆڵی مەحموودپاشای جاف، هەروەها کەشکۆڵی کەریم بەگی جاف و ڕەزابەگی جاف.

لەوانە گوزەشتە، بڕێک لە ژنانی نێو بنەماڵەکەی ئێمە سنگ بە سنگ زۆر لە شیعرەکانی میرزا وەلییان لەبەر بووە، بڕێکیان نەخوێندەواربوون و شیعرەکانی وەلییان لەبەر کردووە.

بەندە لە باوکم "حەمەسەعیدجاف"م بیستووە، کە بۆخۆی نووسەر و چیرۆکنووسی چل و پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو بووە، لە گەلاوێژ و

گۆڤارەکانی دوای گەلاوێژ بەرهەمەکانی بڵاوکردوونەوە، دەیوت: لە کەریم بەگی مامم بیستووە، گوایە خزم و خویشی وەلی فشار دێننە سەری تا قەسیدەیەک بۆ کەیخوسرەو بەگی جاف بنووسێت، تا شەمی پێ بگەیەنێت، وەلی لە ڕووی ناچارییەوە قەسیدەیەک دەنووسێت بەناوی خوسرەو خەیاڵی و ئاراستەی کەیخوسرەو بەگی دەکات:

**خوسرەو خەیاڵی.... خوسرەو خەیاڵی**
**ئای پەی خانە خاس خوسرەو خەیاڵی**
**ساحیب سوپا و سان دار و ئیقبالی**
**موهەیا نە گەنج، خەزێنە و ماڵی**
**بەخشندەی بێباک کوێ کەژم بیا**
**ساحیب شەوق و زەوق و دڵ بێ خەم بیا**
**با ماوە شکار سەردیاراندا**
**وەماوای مەجنوون ڕۆزگاراندا**
**وەکۆمای دیوان وەحش سارامدا**
**وە سەیل ئەسرین دیدەی تارمدا**
**وە دەرد دەروون ئەند و بارمدا**

کاتێک ئەو قەسیدەیە دەگاتە کەیخوسرەو بەگ، باوکی شەم ناچار دەکات شەم بداتە وەلی، کاتێک جڵەوی ماینەکەی شەم دەدەن بە

دەستی وەلیەوە، جەزبە و حاڵەتێکی وای لێهاتووە شێتانە بە هەرا و هاوار لە شەمەوە دوور دەکەوێتەوە دوای هەفتەیەک لە حاڵەتێکی زارا وەلی دەدۆزنەوە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت عیشقی وەلی لە عیشقێکی بایەلۆژی گوزەشتووە و گەیشتووەتە عیشقێکی ڕۆحی و خودایی.

زۆرن ئەو کەڵەشاعیرانەی عیشقەکەیان گەیوەتە عیشقێکی ڕۆحی و فەنافیلاییی، وەک:

١- مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی یان بەڵخی، مورید و عاشقی شەمسی تەبرێزی بووە.
٢- حافزی شیرازی ئافرەتێکی بەناوی " شاخەنەبات"ی کردووەتە دەستەگیرە.
٣- فەخرەدینی عێراقی، مورید و عاشقی بەهائودینی مونتاتی بووە.
٤- بابا تاهیری هەمەدانی، عوریان، عاشق و سەر سوپوردەی سەی براکەی بووە، سەری لەسەر ئەو عیشقە داناوە.
٥- ئەوحەدەدینی کرمانی عاشق و سەرسوپووردەی ڕوکنەدینی سەجاسی بووە.
٦- موحیەدینی ئیبن عەرەبی، هەژدە خەلیفەی عاشقی هەبووە، شانزەیان ئافرەت بوونە، ئیدی لە دونیای عیشقدا لەم جۆرە عیشقانە زۆرن.

کام پەریزادە وا "وەلی" لێی دەدوێ؟
هیچ تابلۆسازێ، هیچ جادوو ڕازێ، ناگاتە نەخشونیگاری ڕازەوە و ڕازداری دیمەنی شەمدا، کام شاعیر، کام نووسەر، کام هونەرمەند، دەگاتە خەیاڵی بەربڵاوی دێوانەکەی گەرمیان؟
ئەمە کێیە مۆم دەگیرسێنێ و ڕۆشنایی دەخولقێنێ؟ ئەگەر ئیلهامێکی خودایی نەبووبێت:

**نازک لارە و لەنج غەمزە و ناز شەم**
**نازک شەهد و شەکر و ریز شەم**
**نازک تەبەسم قەند ئامێز شەم**

کام عاشق و شەیدا بە دەوری گوڵزاری خۆش بوێی خۆیدا پەروانە ئاسا دەخولێتەوە، پەیتا پەیتا زامەکان دەکوڵێنەوە؟
کام دووربین و وێنەگری کارامە و پۆرترێتساز عیشقێکی ئەزەلی تەجەسووم دەکات؟
کام شێوەکار و پەیکەرتاش، وەک وەلی شاکارساز بووە!
وەلی وەستاکارانە زەرافەتی ژنانە و عیشقی جاویدانی وەک دوو ڕووباری سەرکێشی کەفچڕێن تێکەڵاو کردووە، کردوویەتە پلکانەی عیشق و ستایش:

**نـــازک گەردەنەی مینـــایی بەرز شـــەم**
**نازک سینەی ساف سەدەف تەرز شەم**
**نـــازک زوڵــف درێــژ عەنــبەرین شـــەم**
**نـــازک ریـــزەی ڕاز شـــەکەرین شـــەم**

نەرمونیـان و ئـارام و لەسـەرخۆ، مامزئاسـا و سـڵکردوو، نیوئـاوڕ گەردەن بلوور، مانەندی هەڵداوەتە ژێر چەتـری زوڵـف و ئەگـریجەی شەوەزەنگ ڕەنگی، بێ وتن بە ڕوونی و پەسندی، داستانی بەردانـی بەیان دەگێڕێتەوە، کە چۆن لە بەندی هەوارگە و مەڵبەنـدی شـەو و تاریکیدا ڕۆشناییبەخشە، ڕوخساری شەم تیشکێکی ئاسمانییە، شەم بەڵگەیەکـی وژدانیـیە، شـەم جیهـانی پەریشـانی و شـەیداییە، شـەم چیرۆکێکی خوداییە، چپەیەکی وژدانییە، شەم جیهـانی پەریشـانی و شەیداییە...شەم، تاڵە، تفتە، شیرینە، هەنگوینە. شەم فریشتەی لە بەهەشت وێڵە، شەم، شەوچرای سەرتاسەری خێڵە. شـەم، سـیحرە، ئەفسانەیە، جادووە، شەم کەڵ گەردنە، شەم ئافەتە ژیـانە، مـردنە، شەم بیرە، فکرە، هۆشە....

شـەم، شـەوبۆیە، نێرگـزە بۆنخۆشـە، شـەم هەزار تەرزە، مەوزوونە، بوڵندە، شەم داوە زنجیرە کەمەندە، شـەم شمشـاڵە، تەنیـا بـاڵە... شەم، ئەبرۆ ڕەشە، نیگاگەشە، شـەم بە شـەرمە، ئـاورگەرمە، شـەم مانگە، هەتاوە، گەلاوێژە.

شەم بەخشندەیە، خوێنڕێژە، تیر ئاوێژە، شەم ڕەوایە، شەم چرایە، شەم سایە و سێوەری خودایە.

**جەی شوعلەی شەمە، جەی شوعلەی شەمە**
**تەبارەکەڵڵا جەی شوعلەی شەمە**
**جەی بەدر مونیر چەرخ چوارمە**
**جەی شەوق جەماڵ ماه دوو هەفتەمە**
**جەی تاق میحراب ئەبرۆ کەمانە**
**جەی مەودای موژگان مەست قەترانە**

کام توانا، کام کەس، کام دڕ، کام ملهووڕ دەتوانێ لە میحراب و ئەستانەی تۆدا سەری تەعزیم و نەوازش دانەنوێنێ...
ئەوە چ بریسکە و بزیسکە و تریفەیەکە وا ئاسمانی ڕازاندووەتەوە، تەواوی خونچەی سەر چڵان، دەمیان کردووەتەوە... خەم و ناخۆشی لەبیرچووەتەوە.
لە شەوە زەنگدا دار و درەخت و هەرد و هەڵەت و خاک و خۆڵ لووتکە و دۆڵ و یاڵ و لاپاڵی لای نامۆ ئاشنا کردووەتەوە:

**جەی سیم ئەلف نیگارە**
**جەی کەمەند گوڵ و گوڵزارە**
**جەی لەعل لەپان پەرچە گەوهەرە**
**جەی ڕاز ڕازان ڕێزەی شەکەرە**

ئەوە هەوێنــی هەســت و تەقەلای ئەندێشــەکانە، ئەوە بەزمە، ئەوە ڕەزمە، ئەوە عیشقی ڕاستەقینەیە.

ئەو بنچیــنەیە، ئەو ئەلــف و بــای ســەرەتای تەوای پیتەکـانە، ئەو تەنها و تاکە، بێ باک و گڕ و ڕووناکە، ئیدی بۆ نە نازمە بالآی ئـالآ ئاسایا و سەری تەعزیم دانەنوێنمەوە؟

دڵــی مــن دەروێشــانە ئــارامی لــێ بــڕاوە، داســتانی عیشــقی مــن و سووتانی من، عیشق و ڕازێکی هەڵنەهێنراوە، پڕ لە ژان و ئێشە، بۆ من خۆشە، لەزەتبەخشە، گریانم تەسکینە، دەرمـانە، دەوای بـرینە، دڵی تۆی تۆیی عاریفانەم، لێوانلێوی عیشقی ئەزەلییە، بۆ من نـاوی وێردی سەری زمانە، شەوق شێوەی هاندەری ئیلهام و مانە.

# پۆرتەرەی وەلی دێوانە

ماوەتەوە سەر داستانی "پۆرتەرەی وەلی دێوانە" کە چۆن هاتە کایەوە. دوای هەژدەساڵ لە دەرەوە، ژیان و زیندەگی بێوەتەنی گەڕامەوە وڵات لەگەڵ پڕۆفیسۆر "عەلی مینایی" دا ئاشنابووم، ئەم زاتە یەکێک بوو لە ئەندامانی لیژنەی مەرکەزی حزبی تودەی شیوعی ئێرانی... دەساڵ بوو لە بەغدادا دەژیا. کە زۆرتر یەکترمان ناسی زانیم شێوەکارێکی بەتوانا و دەستوپەنجە ڕەنگینە لە هونەری شێوەکاری میناتۆردا، بە هەلم زانی ئەو بەهرە هونەرییە بخەمە کار، بۆ کارێکی نەکراوی ئەدەبی، توانیم ڕەزامەندیی بەدەستبهێنم، تراژیدیای وەلی دێوانەم هەڵبژارد و بڕیارمان دا بیست هەڵبەستی بکەینە تابلۆ، یەکەمینیان پۆرترەکەی بێت. کابرا دونیادیدەی بواری هونەر بوو، وتی:

ئێمە لە خۆمانەوە ناتوانین ئەو کارە بکەین، مەگەر بمبەیتە ناو خزمانی ئەو شاعیرە و هەروا ئەو دەڤەر و ژینگەیە وا تیادا ژیاوە.

داواکەی زۆر گران نەبوو، هەڵمگرت و هێنام بۆ کەلار و گۆبان و کانی چایلە و دە پانزە بیست کەسی کەمالەیشم کۆکردەوە و پرۆفیسۆر لە نزیکەوە ئەوانەی دی و دەڤەری شێروانە و هەردەکانی

گۆبـــان و کـــانی چایلەیشـــم پـــێ گەڕان و وردە وردە دەســـتی بە دروستکردنی پۆتەرەکە کرد.

سەرەتا بە شێوەی "سکیچی" سەرپایی و بەلاوەنان و دووبارەکێشان، شـەش مـانگی کێشـا تـا گەیشـتینە قەنـاعەت، کە بەڵـێ ڕوخسـار و شێوە و شەمایلی وەلی دەبێ وابێت.

دووهەمینیان قەسیدەی ئەی شەمی شەوان، ئەو ئاگاداری جلـوبەرگی کـوردی جافـانە نەبـوو، بەنـدە بەشـێوەی شـێوەکاری "ئاوڕەنـگ" تـابلۆکەم بـۆ کێشـا، ئەو دەم ئەو بە شـێوەیەکی وەسـتاکارانە ئەو تابلۆشی کێشا.

سێهەمین هەڵبـژاردنم قەسـیدەی "بزیـای هـۆزان" بـوو، لەم کاتانەیـدا وەڵامی پەنابەری لە ئەلمانیاوە پێ گەیشت.

بڕیارماندا هەر وەک ئەو قەسیدەیە شـیعرەکانی کەی ئەنجـام بـدەین، بەداخەوە دوای سێ مانگ لە ئەڵمانیادا کۆچی دوایی کرد.

١٩٨٣
بەغدا

# مەولەوی

# ١٨٠٦-١٨٨٢ز

بەنــدە بە پــێچەوانەی باووبــاپیرانمەوە تــا ســەردەمێک لەمەوبەر سـەروکارم لەگەڵ لەهـجەی هەورامیـدا نەبـووە، تـا لەم دوادوایەیـدا شانم پێوە نا و خولیای کەوتە سەرم.

بە کارەســاتی وەلــی دێــوانەوە دەســتم پــێ کــرد، زوڵــم و زۆری بێسنووری ژیانی پڕ لە تفتوتاڵی ئەو شاعیرە سۆفی سەفتە وای لـێ کردم، بە عیشقەوە هەڵبەستەکانی بخـوێنمەوە، بە وردەکـارییەوە لە گرفتەکـانی تێـبگەم، تـا بتــوانم بە شـێوەیەکی شایســتە ئـازار و میحنەتەکانی بخەمە بەرچاو.

ئیتر وا سەخت پێوە خەریکم، ڕەنگە تا چوار پێـنج مـانگی تـر وەک کتاوێک بیخەمەکتاوخانەی کوردییەوە.

ئەوی ئاشــکرا و ڕوونە بەلای چاوســاغانی لەهــجەی هەورامیــیەوە مەولەوی تـاوەگۆزی یەکـێکە لەو شـاعیرە بلیمەتـانەی وا هەرگیـز لە ئەدەبیاتی کوردیدا لەبیر ناکرێت.

ئەدیبێکـی هۆشـیار، سـۆفییەکی عەیـار، گـوڵچین و لووتکەنشـین، پیری تاوەگۆز مەولەوی.

لەبەر ئەوەی خۆم بە سوختەی دونیای سۆفیگەری دەزانم، شـیفتەی ئەو ڕێبـــازەم، لەم بیـــرەوەرییەی بەشـــداربم و ســـەری تەعـــزیم دانوێنمەوە.

ئەوە هانی داوم فکر و بیر و ئەنێشە و چاوم بخەمە گڕ، تا نەختێک دەربـارەی پیـرە شـەیداکەی بنـاری زمنـاکۆ و تـاوەگۆز بـدوێم... لە ناخەوە گوێ هەڵخەین بۆ ستایش و خلسەکانی مەولەوی. بۆ سـۆزی دەردی بـــێ دەوای مەولەوی. بـــۆ ئـــاهەنگی ســـۆفیانە و نەواوی مەولەوی.

**خـــــــامە شـــــــەق وەردەن دەم مەکەرەوە**
**زارزار مەنـــــــــــــــاڵۆ وەدەم دەردەوە**
**تــــۆ پــــا شکســــــتەی بەرد هەرد دەرد**
**جەم کــۆر مەیـــنەت تەن لاغــر ڕەنــگ زەرد**

سەردەستەی عاشقان و پۆپەنشینی دیوانی شاعیران، پیر و عەوداڵی ڕێبـازی عیشـق، پـێش قەڕەوڵـی بیروبـاوەڕی خواناسـین، بەشـێوەی ڕێبازێکی تازە و نوێ. شەیدای تیشکی وژدان و جلەوەی بەرەبەیـانی یەزدان و خوای تاک و هەسـتی پـاک ، هەمیشـە مەسـتی مەیخـانەی عیشقی پڕ لە مەلەکووتی بێگەردوو و خاوێن. پیری تـاوەگۆز مەولانـا مەولەوی.

**ئەنیسـی خەیـاڵ دەردانـی پـڕ زام**

**مەرهەمی جەستەی خەسـتەکەی ناکـام**

**خەیلـێن نە گێجـاو بەحـری مەهجـووری**

**نە دەوری دووەی تەنـــوورەی دووری**

**پووشەکەی جەستەم وە پەنـا کەفـتەن**

**سـامیعەم خەبەر یـاران نەشـنەفتەن**

**ئینشـەڵڵا، چەنـی خۆشـحاڵی، شـادی**

**نە شاخەی شـۆخیی گەردوون، ئـازادی**

**چەنی وەشبەختی دوو دەس نە گەردەن**

**عومرتان وە عەیـش عوشـرەت ویەردەن**

**نەک چون من جە دەس بێمەیلی دڵبەر**

**مەکێشـوو هەر سـات هەزار دەردیسـەر**

**دایـم دڵ ڕەنجـوور هیجرانـی یـارم**

**زەنجیـری جەفـای زوڵفـی نیگـارم**

**خوسووس شەرارەی دووری زۆر کەردەن**

**مەزرەعەی هەسـتیم وای سـەبوون بەردەن**

**کەس بە وێنەی مـن پـڕ مەیـنەت نەبۆ**

**گوروفتـاری دۆس بێبەیـنەت نەبـۆ**

**هیچ کەس موبتەلای دووریـی یـار نەبۆ**

**چـون مـن سـەرگەردان بـێقەرار نەبـۆ**

**کەس نەبـۆ چـون مـن یـاری بەدکـاران**

زامــــداری مـــوژەی دیـــدە خومـــاران
جە هـاژەی هووناو دەروونـی پـڕ دەرد
نە گەردشی چەرخ گەردوونی چەپگەرد
تـا جە تـۆ بڕیـام وە مەرگـت قەسـەم
ســـاتێ ئاســـایش نەدیەنـــم وە چەم
نەکەری خەیـــــاڵ گلەیـــــی کەردەن
نەواچـــی بـــادەی بێشـــەرتیش وەردەن
ئەر زەلیلـی دەس بێشـــەرتان نەبـوون
کەی مەبـۆ مەیلـت فەرامـۆش کەروون؟

ئەو لە بێدەنگی شەوا لە هۆشیاریدا، لە شـەوا هەسـتی دەروونـی پـڕ سـۆزی گڕگرتـووی هـانی دەدا لەژێـر ڕەشـماڵی گومـان وەدەر بێـت. هـێمن هـێمن، بەرەو بۆچـوون و بیـروڕا، بەرەو عەرشـی مەلەکـووتی خودا، بە ئازار و ئێشەوە بڕواتە پێشەوە.

شـەوان خەڵـوەتەن، مـاڵ بـێ ئەغیـارەن
عالەم گشت لە خەو، دۆست خەوەردارەن

ئیـــــرادەم ئیـــــدەن وە کەڵپوســـــەوە
شـــەو نـــاڵین خۆشـــە بە لای دۆســـتەوە

دەنواڕیتە ئاسمانی شینی بێ بنی پڕ لە جریوەی ئەستێرە، لە سۆما و گلێنەیدا تیشک بدەنەوە. بیر لەوە دەکاتەوە ئەو ئاسمانە چۆن بێ چڵە و هەسوون وەستاوە بەو جەرگی ئاسمانەوە خۆ دەنوێنێ.

وەک نەخشونیگارێکی زەریف و ڕازاوە، لە دیدگا و سۆمادا ڕەنگین، بەلایەوە نیشانەی شکۆ و هەرەمەزنی پەروەردگارە، پیری شەیدا هێندەی ترە لە ئاستی خودای بێ هاوتا و تاک دەڕواتە چۆکا و هەستی دێتە سەمای ستایش و لێوانی بادەی مەیخانەی عوشاقان دەخواتەوە.

تریفەی ڕازی ئەندێشە و هەڵبەستەکانی، سەنایی و عەتتار و مەلەوی، رۆمی و نیزامی و شێخی شیراز و خواجەی بلیمەت ڕووی تێدەکات و کورەی دەروونی گڕوگڵپەی دەگاتە عەرشی ئەزەلی و ناخی بە ئاوی ڕەوان زاخاو دەدرێتەوە و دەفەرمووێت:

**ئێمشەو دیارەت بانگم بێ شەرمەن**

**زایەڵەی سەمتوور کەللەم وەگەرمەن**

ئەوە مەلەوییە پەرۆشانە هەستی کەمەنکێشی دەکات و ئەسپی سەرکێشی لە چەپۆکانە لە هەڵدێرگای لاهووت و عیرفانا، بێ وەستان، بێوچان، لە چەپۆکانە...

ئەوە مەولەوییە لە مەیدانی عیرفانا شاسوارێکە، سەرمەستانە تاقیکەرەوەی هەر بوارێکە.

جارجاریش لغاوی ئەسپی ئاڵۆزی ئەندێشە شل دەکات و پڕتاو دەگاتە لووتکەی کێوی پەند و ویژدان و عیرفان و لە خۆیدا دەتەقێتەوە و دەفەرمووێ:

**چەرخ هەر ئەو چەرخەن تا ئاورد و بەرد**
**دەس ئەو دەستڕەنگین تا خاتەم ئاوەرد**
**جا دا وەسەرجەم، جەم وەسەر جەم دا**
**شۆرەت نامەی نام حاتەمەیش کەرد تەی**
**کەرد وە کاسەکەل کاسەی کەللەی کەی**

بنوارە ئەو زاتە چۆن دەم لە ڕابردوو دەدات و دەیلاوێنێتەوە. چۆن ئەفسانە و مێژوو، ئەولای هێز و دەستەڵات و حەز و ئارەزووی ئەکتەرە بەناوبانگەکانی قووڵایی مێژوو هۆشیارانە ڕووت دەکاتەوە لە لێڵایی گومان و یەقینا تاڵ تاڵ سەردەمی کۆن و تازەی مرۆڤ لەیەک جوێ دەکاتەوە، گلەیی ئاسا لە دەوران و چەرخی چەپگەرد، ئاوێنە ئاسا دەخاتە ڕوو، کە چەندە شەماڵ ئاسا هەر ساتێک لە هەوارگە و شوێنێکە و هەر دەمە و سەردەمێ بۆ یەکێکە.

ئەو سەر و پرچ و کاکۆڵە هەمیشە بە تاج و ڕازاوە و سێوەری دەکەوتە سەر تەخت و بەخەت و توانا و دەستەڵات... بنوارە چۆن وەک کاسە کەلیک بێ نرخ و بایی خوڵاوی کەوتووە و کەوتووەتە بەر شەقی زەمان... وەک وابێت بڵێت:

**ئەی تۆ ... بە چیدا دەنازی؟**

**بە چییەوە؟ بە کێیەوە بەرزەدەماخ، قوڵچماخی؟**

**کڕنووشبەری کام حەز و کام بت و کام خواییت؟**

وەرە شمشـێری تیـژی خـوێنین وەلاوە نـێ، ڕق و کیـنە بەلاوە نـێ، دەسـتی مانـدووم بگـرە، تـا لەژێـر ئاسـمانی بـێ بنوبێـخـدا پـێکەوە ئەستێرە بژمێرین بۆ ویژدانی پاک و ڕەوشتی پەسند و چاک و خوای تاک و تەنها، پەیامی فێربوونی ئەلفوبـای ئەویـن و عیشـق و عیرفـان بنێرین. قەلەندەرانە نەمام و درەختـی یەکڕەنگـی و یەک دەنگـی ئـاو بدێرین.

**ورشەی پڕشەی تاو کورەکەی جەستەم**
**شـەڕارەی لـوولەی پیشـەی شکسـتەم**
**گـرمە و بزیسـکەی چەخمـاخەی پـارە**
**بەرقـی بریسـکەی شـوعلەی شـەڕارە**
**شـاخەی شـریخەی برووسـکەی دەروون**
**نەچەم شەتاوان جاری گەرد چوون هۆن**

بنواڕە! چ مەشخەڵانێکی ناوەتەوە ئەم تابلۆ ڕەنگا و ڕەنگە گرداره!

هەمووجێگیرە، تێکڕاییە ڕستاخیزەکە.

وەک نەقاشێکی قودرەتساز کە نیازی بکەوێتە ناز و نەوازشی پەنجە و دەست و هەست و تێفکرینی بەربلاوی بۆ خولقاندن و نواندن، دەنگ و ڕەنگ و مان و نەمان و زەوی ئاسمانی تێکەڵ کردووە و فۆرم و خوێنی پێ داوە و سەر حەساوانە، وەستاکارانە هارموونیەکی ئاسمانی پێ داوە و وژدانی پێ بەخشیوە، شانبەشانی نەواو و ناڵەی دەروونی پڕ شەپۆل و ئاهو زاری دەردەداری و سۆز و بزیسکەی هەستی خرۆشاو و بریسکەی تێکەڵ بە ترس و تامووڵ و نیگا.

وردبەرەوە لەو هەڵبەستەی چۆن شاسوارانە بە چرای حەق و حەقیقەت دڵ و دەروونی دوودڵی و گومان توێ توێی دەکات و بە سەوادی عیشقی یەزدانی ڕەش و سپی جوێ دەکاتەوە و مەولەوی...

لە خۆڕا نییە ئەو هۆشیارانە خو و خولیای عارفانی لە دڵدایە، ئەو هەوارگەنشینی تەباری ئەوانە. ئەو دڵتەرانە جوانپەرستە بۆ جوانی و بۆ دیمەنە ڕازاوەکان بۆ ئاواتە لەبار چووەکان، دونیایەک هەستە، بۆیە ڕەندانە وەڵامی ئەمنەخانی کچی قادر بەگی جاف کە شیر برای بووە و داوای چاوەزاری لێ کردووە و ئاوای پێ دەڵێت:

**دەرد وە بانی دەرد زامانی کاری**
**گرد جە لام جەم بی، یە تەشریف ماری**
**ئای یە چێشت کەرد تەشریفت ناوەرد**
**دەردت دا وە دەرد، منت ماتەم کەرد**
**ئیسەیچە دیدەم چەم ها وە ڕاوە**





**هەڵای سەروەشـــــم بەو تەمەننـــــاوە**

**ئەمـــرت موتـــاعەن أَطَعْنـــا وەنـــدم**

**دوعـای چەمەزەخـم جە پیـران سـەندم**

**تەعویزبەنـد ڕیشـەی دڵەی سـەد پـارەم**

**بەرگـش پەڕەی جەرگ وە دەرد ئـاوارەم**

**حـافیز بـۆ وە عەشـق مەسـتانی یـاهوو**

**بپـــێچەش نە دەور بـــاهووی بێئـــاهوو**

**ئیـــنە عـــادەتێن وە زاهیـــر ئامـــان**

**وەرنە هەی سـەرخێڵ نـازک ئەنـدامان**

**تـــۆ ئینـــد نازکیـــت جە حەد ویەردەن**

**بینـــایی خەیـــاڵ ڕاگەش گـــوم کەردەن**

**سـەفات خەجـاڵەت دان وە جـامی جەم**

**دیدەی بەد مەر عەکس وێش بـدیۆ وە چەم**

**دیـــدەی بەد دەردش نـــا دیـــاری بـــۆ**

**جە کـــۆ موینـــۆت تالێـــت کـــاری بـــۆ؟**

دەریای پانوپۆڕ و ئـارامە مەولەوی، شـاخەیە، شـریخەیە، ژان و زامە مەولەوی، شیرین کەلامە مەولەوی، جواننناسە، هەزار باسـە مەولەوی، ئەوەسا دەڵێت:

بێوێنەیە ئەبرۆ برژانگ و نیگای خومارت

بێهاوتایە ئەگریجە و شەدەی لارت، جامی جیهان

نمایە ڕوخسارت، ئاوێنەی جەمشیدی لە ئاستی ورشە و پرشە و پرشنگی ڕوو و ڕواڵەتت ژەنگی هەڵێناوە.

تۆ لە چی دەترسی؟

تۆ بۆ لە من دەپرسی؟

تۆ بۆچە غەمباری و لێوبەباری؟

چ پێویستی چاوەزاری

ڕوخساری تۆ بۆخۆی بێوێنەیە ئاوێنەیە، فەڕ و بێفەڕی تیا دیارە، نێزە و ئەنگێزەی چاوپیسان بۆخۆیان دەگەڕێتەوە، خۆیانی تیا دەبینیتەوە.

بیری تاوەگۆزی دڵتەڕە، دونیایەک فەڕە، ناسکهەستە، کەمەنکێشی شۆخ پەیکەران و پەڕی ڕوخساران و نازەنین و ڕەفتاران دەبێت و بەرەو مۆڵگەی شۆخ ئەندامان مل دەنا و لەسەر خۆ و ئارام دەم ئەگرێ لە چوار تەنیشتی جەزبەیدا دەفڕێ و دەفەرمووێ:

**نەوای نالەی دڵ وێنەی سەدای نەی**
**پیالەی زووخاو مەنۆشوو چون مەی**
**کەواو پارچەی جەرگ سینەی برێشتاو**
**ڕەحمەت بۆ یە نەی، یە مەی، یە کەواو**

**هەر ئەساسێ هەن جە لام جەم بییەن**

**گەرمیی کزەی بەزم هیچش کەم نییەن**

**تەسدیقت کێشان، ساحیب شەرت و شۆن**

**چ ئیحتیاجێ وەی کەواوی تۆن؟**

ئەوی ڕێگەی پڕ لە هەڵەت و مەینەت هەیە هەموویم تاقی کردووەتەوە یەشتا بە تەواوی نەگەیشتوومەتە دەروازەی عیشق، ئەمما یاران لەو ڕێگەیدا ئاکام و سەرەنجامی خۆم دەخوێنمەوە، سەرێکە و هێناومە و ناگەڕێمەوە.

من کە سەرچۆپیکێشی بەزم و نەوای شەیدایی بم

من کە کەمەنکێشی ڕێبازی حەقی خودایی بم..

من کە جگە لە ڕێبازی عیشقی پڕ لە ژان و ئێش، لە ژیان لە یاران، لە ئازیزان، لە خوێش، پەڕگرتوو پەیڕەویی جودایی بم.

جا ئیتر باکم لبە چییە؟

یاران من سەر مەستانە زوخاونۆشم، بە پەرۆشم، من بوون و دووکەڵی چیزلکی دڵ و دەروونم ئاسۆی لێڵ و تاریک کردووە.

چ باکم لە مەینەت؟

دەردی بێ تەکبیرم، ناڵەی شەوگێرم لە خۆما دەتەقێتەوە، سەدا و ناڵەیشی هەر لە گوێی خۆما ئەزرنگێتەوە.

من لەگەڵ سووری بەیانا، بێ دەربەستانە لە خەراباتی عاشقانا لە کەللەسەری زەمانا، مەی تاڵ و ئاڵ دەنۆشم...

جا ئەی بەهاری پڕ لە ناز و هالاوی هاوین و پاییزسان، ئەی نیشانەی ئەندێشە و ڕاز. ئەوەسانی منم ... دیسان من. حەوت خوانم بڕیوە و خوانیش ئامادەیە، کەواو، مەی، نەوای نەی، دەست بە دامان نەکەی تێکی دەی.

هەن شاعیرانی تر ئەو عیشقە زەریفە تێگەیشتوون، بەو هەردە و هەڵەت و هەڵدێرگایەدا ڕۆیشتوون.

**موتریب وەرە دەستی من و دامانی وەفات بێ**
**سوتام بمسێنەوە، یان دەنگی نەوات بێ.**
**ساقی وەرە مەجلیس بە سەر و گەردەنی جامت**
**بێ نەغمە بێ نەی نامەوێ گەر ئاوی حەیات بێ**

بەربڵاوی خەیاڵ و ئەندێشەی عیشقی مەولەوی، سنووربەزێنە، ئاسمان تەی دەکات، دەگاتە هەڵهەڵە، ئەوی بوارە تاقی دەکاتەوە، لە مەیکەدە و مەیخانەی عیشقدا شەڕابی یەزدانی دەخواتەوە.

باڵەخانەی چەم دڵ دیوانی تۆن

پا نەنا وە خاک ئاستانەی تۆن

عیشقی مەولەوی لە هیچ کوێدا جێگەی نابێتەوە، لە گلێنە و گلارەیدا نەبێ.

**ئازیزەکەم لەبەر تۆیە زار و گریانم**

**بۆ بازاڕگەرمیی تۆیە فرمێسکی چاوانم**

**دڵ و دەروونم گوزەرگای پا و پێڵاوتە**

**لەمودوا سەرم لە ڕێتــە**

**لەسەرخۆ پا بنە سەر گلێنە و سۆمام**

**بۆ سەگای پێتـــــە**

شاســواری جــوانی وشــە و وردەکــاری بەوانەوە ڕاناوەســتێت دەڕواتە پرسەی ڕەشبەڵەک ئاسای ئازیزە کۆچکردووەکەی گوێ هەڵـدەخا بـۆ شێوەنی سامناک.

**قازان قەتاران قوڵنگان هـەوایــی**

**حەیفەن باڵاکەت شەو بە تەنهایی**

قەت وا تێـنەگەی ڕەشسـواری مەرگ تـۆم لەبیـر ئەبـاتەوە، تـۆ بـۆ ساتێک تەنها و تاک نیت، تـۆ منـی و مـن تـۆم... نـازانم خەمـی تـۆ بخۆم یان خۆم؟

لێگەڕێ لەوەی گۆڕ لەناوە تەتە شوورە و گڕوگڵپەی ئاگر و دووکەڵ و هەڵەم و هەڵا لەبەر چاوە، بزیسکەی دەمی قوڵنگە و پاچە بۆ گۆڕهەڵکەندن، بۆ نەمان و بۆ مردن، ڕامدەچڵەکێنێ، وێردی هەتا هەتایی بە گوێما دەخوێنێ.

خۆم دەزانم مەستی یەزدانی یانی چی

دەردی پەریشانی یانی چی ؟

ئەو لێم جوێ نابێتەوە، چەشنی گڕ و خەرمان، هەرا و هەناسە، دەریا و ڕووبار و کانی و چەم، پەپوولە و مۆم، لێت نابمەوە، پەپوولەم بە دەورتا تا دوا سرِنا و ڕۆژی هەتا هەتا.

**تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم**

**دێم و دێم و دێم و دێم، دێم و دێم**

جا تخوا ئازیزان:

ئاوا پاکیەک، ئاوا پیاوچاکیەک، شایستەی ئەوە نییە داوای شادی ڕەوانی خاوێنی پڕ لە ئەوینی پیری تاوەگۆزی بکەین؟

لە ئاستی ئەو دانایە، ئەو زانایە، سەری ڕێز و حورمەتدا بنوێنینەوە؟

**ئیمشەو تەنیا بێ جەستەی زەبوونم**

**دیسان سەرواز کەرد دڵەی پڕ هوونم**

خەیاڵانی خام هاوردم بەردم
هاوار جە دەمەی هەناسەی سەردم
زووخاو گێج مەدا دیگی دەرووندا
هووناو هورشاناش جەستەی زەبووندا
ڕەنگا ڕەنگ ڕەنگ، ڕەنگ گوڵگوون هوونم
قرچەی برێشتەی کوورەی دەروونم
چون دانەی سەر ساج هور ئامام جارجار
جە تاوی دووکەڵ، جە شەرارەی نار
سۆزیام هەی سۆزیام، وێنەی شوعلەی نوور
بیم سورمەی سوبحان ئاوەردەی کۆی توور
من قەقنەس نەویم، ها بیم وە قەقنەس
یەکجاریچ ئیمشەو، ها بەرشیم جە دەس
ئەوەند خەیاڵان بەردم وە دەروون
پەی دووریی یاران بەتەر بیم زەبوون
ڕۆژ جە شەو فێشتەر، زار و زەلیلم
ساقی! سا جامێ، ئەمجار دەخیلم
بدەر پێم نۆش کەم چون هەردەجاران
وە ڕەغمی گردین گرۆی مەیخاران
شیعری وێم تەنخوای سەمتوور سازێ
لێدەر، سا نەیچی! هەر تارێش گازێ
چنگ پێکۆ نە جەرگ نەغمەی سازەکەت
بەرارۆ تۆتۆ میقراز گازەکەت

سـا دەروێـش! کەفـێ بـدە نە ڕووی دەف
گیـان مـونتەزێرەن پەرێ ڕێـزەی دەف
مـوغەننی! لێـدەر یەک ئیمشـەو سـازان
بەشـقی ئەو کەسـە تـۆش ئـاوات وازان
بەڵـکە خەمـانم تـۆ دەری وە بـاد
هەیهـای جـوانم، فـرێم هەن مـراد
سـاقی! سـا دەخیـل وە فریـادم ڕەس
بە ڕووی نـازەوە جـام گێـرە وە دەس
دەور دەرە وە نـاز چـون هەردەجـاران
پێمـدەر یەک مەنـێ سـەبا و ئێـواران
بـا وەس بـاڵینم سـێڵاوی هـوون بـۆ
ئـامێتەی زوخـاو دیگـی دەروون بـۆ
وەخـتەن سـەر تـا پـام ببـۆ وە زوخـاڵ
بـۆیی سـفتەکەم هـورگێرۆ شـەماڵ
سـاقی! ئامـانەن، نەشـوو جە ویـرت
وە فریـادم ڕەس تـۆ بەشـقی پیـرت
بەڵ ئیمشـەو خەمـان نەدەرۆم وە بـاد
سـاقی گیـان! قوربـان، خـاتر کەرە شـاد
بـووە وە بـاعس ئەی نـیم گیـانی سـەخت
سـا بەڵـکە نەمـرۆ مەعـدوومی بەدبەخـت

---

**ئیتر سوپاستان دەکەم**

ئەوەی خوێندتەوە لە هەفتەی مەولەویدا لە ڕێکەوتی ٢٣-٥-١٩٨٨ز لە شاری سلێمانیدا خوێندمەوە.

من نزیکەی بیست ساڵ لە دەرەوە بووم، دەرد و ئازاری پەنابەری و بێ وەتەنیم چێژابوو، کە گەڕامەوە کەم کەس دەیزانی بە خوێندنەوە و نووسینەوە سەرقاڵم بۆ ئەو هەفتەی بیرەوەری مەولەویە داوەت کرام، کەس بە تەمای ئەوە نەبوو بەو شێوەی باس لە مەولەوی بکەم...

باسەکان زۆربەیان تەقلیدی و لەو بابەتە زۆر بیسراوەکان بوو، کە بەندە بەو شێوە تازەیە دەربارەی مەولەوی دوام خەڵکەکەی ناو هۆڵەکە بە چەپڵە لێدانێکی گەلێک گەرمەوە هەستانە سەر پا و بە تەواوی دەنگی خەڵکەکەوە داوا کرا ئەوی خوێندتانەوە دووبارەی کەمەوە، هەروام کرد.

ئیدی ئەو بەشداربوونەم بوو بە یەکەمین پێناسەم لە شاری سلێمانیدا، بۆ شایەتی یەشتا برێک لە بەشداربووانی ئەو خەڵکە و ئودەبا لە ژیاندا ماون و قسەی دوای مەرگ نییە، ئەو ڕۆژە بە هەنگاوێکی گرنگی ڕێبازی ئەدەبی خۆم دەژمێرم داوای شادی و سەرفرازی ڕووح و ڕەوانی ئەو ئەدەبیانە دەکەم کە لە ژیاندا نەماون.

دەبڵێ: ئامین!

# گـۆران

١٩٠٤-١٩٦٢ز

ئاخ مردن بۆ ناتگەمێ؟ بەخوا مردن بۆ مـن بە ئاکـامی دڵگەیشـتنە، لە خەم خەڵستنە، چـونکە ڕابـواردنی عـومری ئەم دەورە سـەعادەتە هەروەک تیجارەتە، سەرمایەی ئەم تیجـارەتەیش تەحسـیڵی عـیلم و مەعـریفەتە، لە حـاڵەتی صـەبـاوەت و شـەبابەتدا تەواو ئەکـرێ. مـن ئێسـتا خەریکـم سـنی گەنجیـیەت ئیکمـال دەکەم، لەبەر بیرچـوونی سەعی و تێکۆشان لەو وەخت و عاندا زۆر نادیم و پەشـیمانم فەقەت چ فایدە، تفی ڕووکراو قووت نادرێتەوە، عومری عەزیزی تێپەڕیـووش ناگەڕێتەوە، بۆچی ئەگەر هەموو بەحر و موحیتەکان زوخاوبوونایە بە قومێ وشکم نە ئەکردن؟

حا×یلاتی هەر پێنج قصعەکە غەم بووایە، خواردنیم بە ژەمی یەکەم ئەزانی، ئاخ تا ئەو ڕۆژەی لنگی لێ ڕادەکێشم و هەر ئـاخ و هەر داخ بۆ ئەو تاڵعی ناموبارەک ئەنجام و بەختی سیامە.

تخوا ئێستاکە نەختـی فەهرسـتی کەشـکۆڵی خەم و ئەنـدۆهی خـۆمم عەرز کـردن .. بە عەجـایەبی مەزانـن، کە کـوڕەی نـاری شـەمس بە تەئسیری حەڕاڕەتی دەروونم گەرم و مەنتیقەی ساردی بەفراوییەکانی شیمال و جنـووب بە هەناسـەی سـاردی مەئیوسـیم فێنـک بـکەمەوە، نەبەخوا ئیتر بەو نەوعە هەتا لـووتم لە بەردی ئەلـحەد ئەکەوێ، هەم

و وەزیفەی موقەدەسەیەک لە بەحری خەم و یا لە گۆمی لنگەفرتێکردن لە میراتی باو و باپیریە جێ ماوخۆم.

ئەم زامە گڕدارە لە قووڵایی دەروونی کوڕە کوردێکی بناری هەڵەبجە و شارەزوور دێتە دەرەوە، کوڕە جافێکی نائومێد و دەروون هەڵچوو، دێتە دەرەوە، ناڵە و نەوای دەگەیەنێتە ئاسمان و بەو وشەو و واژە قەبە و قووڵە عەرەبییانە غەمەکانی خستووەتە ڕوو، ئەم زاتە لەژێر نـاوی (ع.جـاف) نـاردوویەتی بـۆ ڕۆژنـامەی پێشـکەوتنی سـاڵی ١٩٢١ژمـارە ٦١. ئەو کـوڕە گەنـجە ژانـاوییە وەک دیـوەکەی نـاو فانۆسـەکەی عەلائـودین لە فانۆسـەکە وەدەر هـاتووە و بـووە بە مامۆستا "گۆران"، گۆرانی هەمیشە زیندوو.

ئەگەر بە وردی بنـوارینە مێـژووی لێهـاتووان و کەڵەپیـاوانی دونیـای ڕۆشـنبیری، دەردەکەوێـت هـیچ کەس زانـا و دانـا لە سـکی دایکـی دانەخزاوەتە دەرەوە و بووبێت بە نووسەر و شـاعیر و ڕۆمـاننووس و بلـیمەت، ئەگەر بەپێـی زەمـانە مەرجەکـانی دونیـای ڕۆشـنبیری نەبڕیبێت.

هەڵەبـجە لە سـاڵی ١٩٢١مەڵبەنـدی شـاعیران و ڕۆشـنبیران بـووە، هەوارگەی شاعیری " لە خەو هەڵسن"ی ئەحمەد موختار جافە...

ئاسـان نیـیە میللەتـانی ژێردەسـتە و چەوسـاوەی ژێـر زوڵـم و زۆری میللەتە داگیرکەرەکان بە ئاسانی ئەدەبیاتیان گەشـە بکـات و بتـوانن ڕێگە و ڕێبازی ڕاستەقینەی خۆی بگرێتە بەر.





خۆ ئەوە حاشاهەڵنەگرە توورک و فارس و داگیرکەرانی تر، سەدان ساڵ ئێمەی کوردی چەوساندووەتەوە لە پێشلکردنماندا کۆتاییان نەکردووە، ئێستایش ئاش هەر ئەو ئاشەیە، بەڵام بە جۆرێکی تر، سەرەڕای ئەو هەموو دەمکوتانە، یەشتا لە دونیای شیعردا شتمان هەیە بۆ وتن!

سەردەمدارانی ئەدەبیاتی کوردی ڕێبازی شیعریان ناسیوە، لە غەزەلیاتەوە بگرە تا وەسف و هەجو و تەسەووف و دڵداری و بابەتەکانی کە... کەڵەشاعیرانی وەک نالی و مەولەوی و سالم و وەفایی و مەحوی و شێخ ڕەزا و تایەربەگ، لەم دوادواییانەیشدا هێمن... ئەوانە بە وردی ئاگاداری ئەدەبی فارسی بوونە... لە مزگەوتدا وەک وانە: گوڵستانی سەعدی و دیوانی حافزی شیرازییان خوێندووە و ئاگاداری عەتتار و مەولانا و کەلیم و خەیام بوونە، "گۆران"یش فەقێی حوجرەی مزگەوت بووە، لە کانیاوی عیرفانی فارسیدا ئەدەبیاتی هەڵگۆزیوە. لە ناوەڕاستی ژیانیدا ئاشنایی پەیدا کردووە لە شێوە و چۆنیەتیی نوێگەرایی شیعرەکانی " نیما یوشیج".

ئازیزان:

زۆر لە شوعەرا بیسراوە و بینراوە بۆ شتێکی تایبەت شیعریان نووسیوە، بڕێک بۆ گرەوبردنەوە، بڕێک بۆ پیاهەڵدان، بڕێکی تر بۆ شین و شێوەن، بۆ تەسەووف و عیرفان و خواناسی.

بێگومان زۆر لە شوعەرا هەبـووە لە شیعرنووسـیندا شـێوازی تـایبەت بەخۆیان هەبووە، گۆران یەکێکە لەوان و ڕچەشکێنیش بـووە، گـۆران بە دیـاردەیەکی نـوێی شـیعری کـوردی لە قەڵەم دەدرێـت، گـۆران توانیـویە بە زەرافەتێکـی تـایبەت بەخـۆی شـیعری لە ئەدەبیـاتی کوردیدا بکـاتە بـاو، گۆران لە مەیـدانی شیعری کوردیـدا هەیـکەل و قامەتی تایبەت بەخۆی هەبووە، دەستی بۆ هەر هەڵبەستێک بـردووە پڕبـووە لە وردەکـاری، قەد و قەبـارە و ئەنـدازەی تـایبەت بەخـۆی هەبووە، وشەی جوان و ئاوازداری هەڵبژاردووە.

گۆرانی ڕەنگناسی هونەرمەنـد توانیـویە بە هەوێنـی فکـر و ئەندێشـە کێوێـک هەویـری ڕەنگاوڕەنـگ هەڵبژێـری تـا بە هێـز و توانـایەکی ئەفسـانەییەوە تـابلۆیەکی هەزار ڕەنگـی لـێ بسـازێنێت، بنـواڕە لەم تابلۆیە:

**پاییز! پاییز بووکی پرچ زەرد،**
**من مات، تۆ زیز**
**هەردوو هاودەرد**

**من فرمێسکم، تۆ بارانت،**
**من هەناسەم، تۆ بای ساردت**
**من خەم، تۆ هەوری گریانت**
**دووایی نایە: دادم، دادت،**

**هەرگیز، هەرگیز،**

**پاییز! پاییز!**

**پاییز! پاییییز!**

**شان و مل ڕووت،**

**من مات، تۆ زیز،**

**هەردووکمان جووت**

**هەرچەند گوڵ سیس ئەبێ بگریین**

**ئاڵتوونی دار ئەڕژێ بگریین،**

**پۆلێ باڵدار ئەفڕێ بگریین،**

**بگریین..بگریین..چاومان نەسڕین،**

**هەرگیز،هەرگیز،**

**پاییز! پاییز!**

ئاوڕێک لەو ئافرەتە پرچ زێڕینە بدەینەوە، وەرن با پێکەوە بڕۆینە دەرباری شاژنی جوانی خەیاڵی گۆرانی لە غەم نوقم و پەلکەی هۆنراوەی ئاڵتوونی پاییزخانم، هەروەک دوو تیشکی زێڕین، بەلا گەردەن و سەر سینە و بەرۆکیدا شۆڕبوونەتەوە، گەرمیی هەناسەی گۆران و کزەبای تۆزێک سارد و پرچ و پەلکەی ئارامکەوتووی لاگەردەن و شانی ڕووت و سینە و مەمکی تۆزێک پۆشتەی پاییز خانم دێنێتە گریان، گەواڵە هەوری غەمزەدە دەکەونە بزیسکە و

بریسـکە و بـارانی فرمێسـکی گـۆران دەبـارێتە سـەر کێـڵ و مەزاری هەزارەها ئۆخەی نەکردووی ئەوسا و ئێستا.

بگرێن بگرین چاومان نەسرین

هەرگیز هەرگیز پاییز پاییز

گۆران بە وردی ڕیتم و نۆتەی دەنگی ناسـیوە. شـنەی شـەماڵی بیستووە، دیدگا و ڕوانینـی هێنـدە ورد بـووە بە لە پـڕ ئاوڕێکـدا بنەمـــاڵەی ڕەنگـــی لە یەک جـــویَ کـــردووەتەوە. دەروونە سەرکێشـەکەی هەسـتە کەفچـڕێنەکەی، دیـدگا ورد و تیـژەکەی، ڕازاوەبوونی سروشتی هەزار ڕەنگی لە یەک جویَ کردووەتەوە.

گــۆران و خەیــاڵی بەربــڵاوی گــۆران هــیچ تــابلۆیەکی فکــری نەخستووەتە نـاو چوارچێـوەی خەیـاڵی، بێسـنوور و ڕەهـای بـێ پاسەپۆرت، سنوورەکانی بەزاندووە و لە کوێدا زەرافەت و جوانی دیــوە بە ڕەنگەکــانی خەیــاڵی پـڕژانــدوویەتییە ســەر تــابلۆدا، ئینشایەکی ئەفسانەیی بۆ خولقاندووە.

**زۆر قـــژی زەرد ســـــەرنجی ڕاکێشــــاوم**

**زۆر چـاوی شـین داویە پڕشـنگ لە چـاوم**

**شــان و مــل و گەردنــی ڕووتــی بــێگەرد**

**سنگی نەرم و مەمکی قـوتی تونـد وەک بەرد**

**بەژن و بـــاڵای کەڵەگەت و شۆخوشـــەنگ**

**لەش و لاری کەمێ گۆشتن ، کەمەر تەنگ**
**پێستی سپی بە خوێنی گەشمەی لاو ئاڵ**
**کوڵمی قەڵەو ، چەناگەی ناوەڕاست چاڵ**
**دەم و لێــوی وەک گــوڵی بەر بەیــانی**
**ئەمــانە گشــت ، گەلێکــی تــریش جـوانی**
**بـۆی نەشـکانوم تینـوێتی و ئـارەزووی دڵ**
**هەر گەڕاوە مەلــی برســیم و چــڵا و چــڵ**
**لە هەر بــاخێ گــوڵێکی ســورم دیبــێ**
**بۆی چوم هەزار دڕک لە پێم چەقیبێ..**

ئەتوو سەیرەکە و وردبەرەوە لە وردەکاری لە زانستی جوانی، لە شـێوە و شـەمایل، لە ئەنـدازە زەریفەکـان، لە لەیەکـدانەوەی "تەناسووب" لە وشە و واژەی هەڵبژێردراو لەو پیاهەڵدان و وتەی نەزانــراو، ئـاوا بێــت هەڵەبـجە و شــارەزوور، چ خەرمــانێکی دەوڵەمەنـــدی وتە و واژەکـــانی بەرەکەت کـــا هەڵەبـــجە و شاســـوارەکانی، دەنـــواڕی ســـوارکارەکانی چ هەنگـــامە و مەلحەمەیەک دروست دەکەن و دەخەنە بەرچاو؟

من نازانم ئایا ئەوە لێهاتوویی تاکی کەسی ئەو دەڤەرەیە یان دەوڵەمەندی فەرهەنگ؟

لەو دوانە هەر کامیان بێت شانازییەکی نەتەوایەتییە بەم هەموو بێ هیچییەوە وا ئێمەی تیادایــن تـاکە کەسێکی پەژمووردەی

لەبیرچـووی ئـێمە ئـاوا تـابلۆیەک بسـازێنیٚ، ئەوە پەنجەمـۆری بەرزی بوڵەندی ڕەگەزێکی خنکاوی ناو لیتاوی بۆ نەهاتەکانە لە هەر قۆنـاغێکی نەزۆکـدا تاکەکەسـێک پەی بە دور و مەرجـانی قــووڵایی نــاو دەریاکــان دەبــا و غەواسئاســا دەیانــدۆزێتەوە و دەیانکاتە کەرەستەی تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگی جوانی و زەڕافەتی ژنانە. ئەوەسا دەڵێت: داویە پڕشنگ لە چاوم، باشە ئەو جـوانی و خانومانییەی هەر هەبـووە، بـۆ تەنهـا پرشـنگ داویە لە چـاوی گۆران؟

یـان چـاوی گـۆران چـاوێکی ئاسـایی نەبـووە و میگناتیسئاسـا جوانییەکانی ڕاکێشاوە.

مـن لەوەی دڵنیـام گـۆران زانسـتی جـوانی زانیـوە، قامەتەکـان، وردەکارییەکانی لەشولاری باش ناسیوە، زانیویەتی چ ڕەنگێک بە یەک دەخۆن و بە یەک دەکەون، دڵنیام لەوەی زەڕەبینـی گلێـنە و سـۆمای چـاوی گـۆران لەژێـر پـارچە قوماشیشـدا، لە پشـتی دیواریشــەوە جوانییەکـانی دیـوە و زانیــویە ئەوە چ کەرســتە و جوانییەکی خودایی و ئاسمانییە.

لەشولاری کەمێک گۆشتن، کەمەر تەنگ.

زانسـتی جـوانی و لەشـولار و هەیکەلـی ئینسـان سـەرەتا بەلای یۆنانییەکـانەوە خـرایە بەرچـاو، تـا بە ئەوڕۆیـش هەمـان تیـۆری

بەردەوامە و دەقێکی ناسراوی حاشاهەڵنەگرە، تۆ بڵێی گۆران ئەو ئەندازە و تەناسووبەی زانیبێت؟

ئەی ئەگەر نەیزانی بێت چۆن ئاماژەی بۆ دەکات؟

"کەمێک گۆشتن کەمەر تەنگ" ئەگەر بنواڕینە پەیکەرەکانی سەردەمی یۆنانیدا یان پەیکەرە بێ قۆڵەکەی ڤینۆسدا تەواویان کەمێک گۆشتنن، یا تابلۆکانی دافنشی و مایکل ئەنجلو پەیکەرەکانیان پەیڕەوی فەلسەفەی کەمێک گۆشتن و بەو شێوە شاکاریان خولقاندووە.

گۆرانی ئێمەی کورد، ئەویش پەیکەرتاش بووە و بە وردەکارییەوە لەشوئەندامی خولقاندووە، بەڵام لە فکر و ئەندێشەیدا پەیکەرتاشینی کردووەتە پیشەی خۆی، بۆیە بە وردەکارییەوە لە ئەندازەکان دەدوێ .

بەوەشەوە دانەکەوتووە و لەنجەولاری ئەفسوناوی پێ بەخشیوە، کەنین و نازی ژنانەی تێکەڵ بە ئەندازە و زەرافەتەکانی کردووە و ڕۆحی پێ بەخشیون، داینەمۆی خەیاڵی خوێنەر و گوێگری خستووەتە گڕ هەوەسیشی لە ئاوەزدا جوڵاندووە، پەکوو لە ڕۆحی بەرزەفڕی گۆران!

**قــژ کاڵـی لێو ئاڵـی ، پرشـنگی نیـگا کاڵ**
**ئەی کچە جوانەکەی سەر گۆنا نەختێک ئاڵ!**
**ئەی کچـە مەنگـەکەی بـە دەنگی چپـە دوو**
**گەندەمووی دەموچاو ، مەچەک هەڵنەگرتوو..**
**ئەی ئەندام وردیلەی ، نەرمۆڵەی ، ئێسک سووک**
**ئەی بەرگـی سـاکـارت دڵگـیر تر لە هـی بووک!**
**ڕاستە من ڕێبوارم ، سەرپێی ئەڕوانم**
**بەڵام وا جوانـیی تۆ کاری کـرد لە گیانـم**
**ئەڵێی، نەک هەر ئێستا ، عومرێکی درێژە**
**بەو دەسـت و پەنجانەت بریـنم سـارێژە..!**
**ئەی کچە کاڵەکە! جوانی تر با زۆر بن**
**لە باغچەی بەهارا گوڵباخی بەر خۆر بن**
**با ڕەنگیان پەرداخت بێ و جێگەیان سەرچڵ بێ**
**بە واتـای خەڵـکـی تر با ناویان شـاگوڵ بێ**
**گیانی من بۆ تەڵێ وەنەوشـە پەرۆشـە**
**کـە لەژێر سـێوەری تـووتـڕکا خامۆشـە!**
**لە هەمـوو ئاسـمانا ئەسـتێـرەی بـەربەیان!**
**ئەخاتە دڵی من هەسـتێکی سپی و جوان!**
**لە تەختێک هەڵ دەستێ هەزار و یەک نەغمە**
**ئەوەیان شـیریـنـتـر دێتـە گوێـم زۆر نـزمــــــە!**
**کانیەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگە شەو**

**لە بنیا بلـەرزێ مـرواریی زیـخ و چــەو**
**جوانترە لە لای من لە دەریای بێسـنوور**

**شەپۆلی باتە بەر تیژگی ڕۆژ شڵپ و هووڕ!**

**قژ كاڵی لێو ئاڵـی، پرشـنـگی نیـگا كـاڵ**
**ئەی كچە جوانەكەی سەر گۆنا نەختێك ئاڵ!**
**دەربەست نیم ڕێبوارم ، دەربەست نیم ڕەوتەنیم**
**ئەزانی شـپرزە و دەربەسـتی ئـێجگـار چـیم ؟**
**هـی ئەوەی نیـگارێك لـە یادم كێشـراوە**
**شـۆخێكـی نایابە ، بەڵام ئاخ، بێ ناوە!**

بەندە سەرم سڕدەمێنێ لە توانایی گۆران و لە خۆم دەپرسم كام خــولقێنەر، كــام شــاعیر، كــام داهێــنەر، لە یەك ئانــدا بەم وردەكـارییەوە، دەنـگ و ڕەنـگ و ئەنـدازە و جـووڵانەوە، لە یەك سـاتدا دەخـاتە ژێـر فەرمـانی خـۆیەوە، بـۆ جـوانی و پەسـندیی هەڵبەستێك؟

تۆ بڵێی گۆران جادووگەر بووبێت؟

ئەگەرنا ئەم هەموو وردەكاری مەوزوونە پڕ لە كەیـل و كێشـانەی چۆن سەرجەم كردووە، گێل و هۆشیار هەمووان وەك یەك دێـنە سەمای ستایش.

"قژ کاڵی لێو ئاڵی پڕشنگی نیگا کاڵ"

بنواڕە! لە ڕیتمەکەی، لە نۆتەکەی، وردبەرەوە چەندە بە ئاسانی ناخ بزوێنن، لە ڕووح و ڕەواندا جوڵانەوەی سحرئامێز دەخولقێنن، تەلەسـمی وشـەکانی گـۆران دەسـتبەردار نـابن و هەمیشـە لە ئەندێشەیدا جێگەیان خۆش کردووە و ناوەناوەیش دەکەونە سـەر زمان، وەنەبێ گۆران تەنها شـیفتەی جـوانیی ئـافرەت بووبێـت، سەیرکە چی دەفەرمووێت:

**کــۆمەڵە شــاخێک، ســەخت و گەردن کەش**
**ئاســمانی شــینی گرتــووەتە بــاوەش**
**سەرپۆشــی لــووتکەی بەفــری زۆر ســپی**
**بە دارســتان ڕەش، نــاو دۆڵــی کپــی**
**جــۆگەی ئاوەکــان تیایــا قەتــیس مــاو**
**هەر ئەڕۆن نــاکەن پێچــی شــاخ تەواو**
**هــاوار و هــاژەی کەفچڕینــی چەم**
**بــۆ تەنیــایی شــەو لایەلایەی خەم**
**تــوولەڕێ باریــک، تونــاتوون پشــکن**
**ڕێبــوار ئەخــاتە ئەندێشــەی بــێ بــن**
**نــاو ڕێگــا تەقــتەق، لاڕێ بەردی زل**
**کە هێشــتا گەردوون پێــی نەداوە تــل**

گا سەرەوژوورە، گا سەرەوخوارە
تاڵی و شیرینیی دنیای ڕێبوارە
سەرچاوەی ئاوێک، کەڵەکێک لەسەر
ژنێک تێی ئەچێ، ژنێک دێتەدەر
ئەمەش لە دێدا کانیی ژنانە
قیبلەی دڵداریی هەرزەکارانە
ئێواران پۆل پۆل، لاوی کاکۆڵ لوول
سەرەڕێ ئەگرن، سەرگەرم و عەجوول
هەرچەند هاڕەی دێ هەیاسەی جوانێ
لە هێلانەی دەم. ئەفڕێ ئامانێ
ژنی هەورامان، سەرتاپای خشڵ
سەرچاوەی بۆنی مێخەک و سمڵ
تا بڵێی تەڕپۆش، ئاڵ و واڵا جل
بەژن و بالا جوان، بەدەن نەرم و شل
نیو نیگای خەندەی ئەستێرەی ئەمەل
نەغمەی گفتوگۆی وەک جریوەی مەل
ژینی بەهاری عەشق و جوانیی
جیلوەگای حوسنی ڕێی باخ و کانی
عەشقی ئێوارەی سەرەڕێی کانی
بەر ئەداتە چەم، کڵپەی گۆرانی
ڕۆژ ئاوا ئەبێ، چەم تاریک دایە

**دەنگـــــی کنالەیـــــل هەر دوایـــــی نـــــایە**
**مانـــگ بە تـــریفەی، نـــاودێ ئەکـــا کەیـــل**
**هێشـــــتا هەر گەرمە، نـــــاڵەی کنالەیـــــل**
**ســـــــــــیاچەمانە، ســـــــــــیاچەمانە**
**بەهەشـــــتی عەشـــــقە ئەم هەورامـــــانە**
**ئەوەنـــــــدەی دار و بەردی هەورامـــــــان**
**ڕەحـــــمەت لە ژنـــــی بەژنوبـــــاڵا جـــــوان**
**ســـــــــــیاچەمانە، ســـــــــــیاچەمانە**
**هەورامـــــــان جـــــێگەی ســـــــیاچەمانە**

لە دونیای هونەردا قوتابخانەی جۆراوجـۆری تیـادایە، بوارەکـان زۆرن، هەر هونەرمەندێک لە بوارێکدا نـاو دەردەکات لە دونیـای جوانیی سروشتدا هونەرمەنـدی گەورە ناوبـاوی جیهانییـان هەیە، "کۆنســتانتبڵ" هونەرمەنــدی بە ڕەگەز ئینگلیــز، ڤــان کــوخ بە ڕەگەز هۆڵەنـدی، ئەوڕۆکە هەر یەکەیـان تابلۆکانیـان ملیۆنەهـا دۆلارە. لەوەگەڕێ ڤــان کــوخ لە بــێ نــاوی و نەداریــدا خــۆی کوشتووە، گـۆران ڕچەشـکێنی کـردووە، سـەرجەم باسـی جـوانی دەکات، ئیدی مرۆڤ بێت یان سروشت، ئەشهەدو وەسـتاکارانەش دەدوێ، مـــن کە ئەو هەڵبەســـتەی دەخـــوێنمەوە بە وردی تەجەسوومی فکـر و ئەندێشـەی گـۆران دەکەم، کە چـۆن ڕۆحـی خستووەتە حەجم و هەیکەلی کۆمەڵەشاخێک، شاخ بە دەسـت و

باوەشـەوە هەسـتاوە و ئاسـمانی لە بـاوەش گرتـووە، ئەم جـۆرە تێفکرینە، توانا و دەسـتەڵاتی فرەخـوایی یۆنانییەکـانم دێنێـتەوە یاد، ئیدی ئەوە " زنوسە، ئەبولوویە....تاد"

گۆران بە توانـا و فکـر و ئەندێشـەی تێکەڵەیەکـی ڕەنگـاوڕەنگی شـاخ و کەژ و کێـوی هەڵـداوەتە ژێـر دەواری کۆمـاوەی کەون و ئاسمان. چیای سپی پۆش و چەرخی زەمان دەکـاتە شـایەت بـۆ ئەزەلیبوونی تابلۆکانی لە تـاریکی و ڕۆشـناییدا، هـاوار و هـاژەی چەمی لە تاش و تل و دەوەن گیـر و ئـاڵۆز دەکـاتە شـایەت بـۆ ڕێبواری ماندووی ڕێگەی مەینەت.

بەنــدە کاتێــک هەڵبەســتەکانی گــۆران دەخــوێنمەوە دەچــمە باوەڕێکەوە ئەوە لە ڕاڕەوی گالریەکـدام، چـوزانم مۆزەخـانەیەکی جیهانیدام و دونیایەک ڕەنگ و ئەندازە و جوانی تەماشا دەکەم.

سەرم سڕدەمێنێ، بێ مامۆسـتا، بـێ چاوسـاغ، بـێ زانکـۆ کـوڕە کـوردێکی هەڵەبجەیـی جـافی بنـاری شـارەزوور و هەورامـان ئەو جادووی هونەرناسینەی لە کوێنەوە زانیوە؟

پرسیارێکە لە خۆمی دەکەم یەکێتیی سۆڤیەت بەو هەمـوو توانـا و دەستەڵاتەوە کە هەیەتی بۆچی تەماشاکەری ئەم هەمـوو زوڵـم و زۆرەیە، کە لە ئێمەی کورد دەکرێت، هەر نەبووایە لەبەر ڕێز و

نەوازشـی شـاعیرێکی وەک گـۆران، کە دەسـت بە سـینەی ئەوان بووە، هەر نەبووایە بەو ئەندازەیە کەم تەرخەم نەبووایە.

ئەم نووسراوەم لە ئێوارە کۆڕێکدا لە شاری بەغـدا خوێنـدەوە لە ١٨/ ١١/ ١٩٩٦بە بۆنەی بیرەوەری مەرگی گۆرانەوە.

## ژیانی گۆران بە کورتی:

ناوی عەبـدوڵڵا بەگە و کـوڕی سـلێمان بەگـی کـوڕی عەبـدوڵڵا بەگە. باوک و باپیریشی لە هۆنراوە و وێژەدا بەهرەیـان هەبـووە. بنەمـاڵەی باپیری لە بەگزادەی "میران بەگی" لە ناوچەی مەریوان بوون. پاشان ڕوودەکەنە هەڵەبجە چـونکە خۆیـان بە گـۆران زانیـوە و لەوێ جێگـر دەبن.

گـۆران لە سـاڵی ١٩٠٤ یـان لە ١٩٠٥دا لە هەڵەبـجە لەدایکبـووە. لای بـاوکی قورئـان و سـەرەتای خوێنـدنی خوێنـدووە. پاشـانیش لە مزگەوتی پاشای هەڵەبجە بـووە بە فەقـێ. لە دوا سـاڵەکانی جەنگـی جیهانی یەکەم و سەرەتای هـاتنی ئینگلیـزدا بـۆ مـاوەیەک هەڵەبـجە چۆڵ دەبێت و خەڵک ڕوودەکەنە لادێکانی دەوروپشـت. مـاڵی بـاوکی گـۆرانیش لە بەهـاری ١٩١٩ەوە تـا پـاییزی ئەو سـاڵە ڕوودەکەن چەمی بیارە و لەوێ لە باخێکدا هەوار دەخەن و بۆ پاییز ئەگەرێنەوە بۆ هەڵەبجە. کە یەکەم قوتابخانەی زمانی تـورک لە هەڵەبـجە دانـرا،

بۆ پۆلی یەکەم وەرگیراوە. وەک گۆران خۆی گێڕاویەتەوە چوونی بۆ قوتابخانە پچڕپچڕ بووە. پۆلی چوارەمی لە سەردەمی داگیرکرانی هەڵەبجەدا لەلایەن ئینگلیزەوە تەواو کردووە.

لە ١٩١٩دا سلێمان بەگی باوکی گۆران کۆچی دوایی دەکات. پاشان لە ١٩٢١دا موحەممەد بەگی برای، بە هاندانی مستەفا سائیب، لەگەڵ عەبولواحید نووریی خاڵۆزایدا دەیاننێرێت بۆ قوتابجانەی عیلمییەی کەرکووک بۆ خوێندن. بەڵام هەر لەو ساڵەدا موحەممەد بەگی برایشی دەکوژرێ. ئیتر گۆران کەسی وەهای نامێنێ گوزەرانی خوێندنی خۆی و ژیانی دایکی ببات بەڕێوە، لەبەرئەوە دەست لە خوێندن هەڵئەگرێت و لە ساڵی ١٩٢٢ەوە تا ساڵی ١٩٢٥ گەلێ دەست تەنگی ئەچێژێ.گۆران بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٢٥دا بە مامۆستایی لە قوتابخانەی هەڵەبجە دامەزراوە و تا ١٩٣٧ لە خوێندنگەکانی ئەو ناوچەیەدا ماوەتەوە.

یەکەمین کۆمەڵە شێعری گۆران بە ناوی «بەهەشت و یادگار» لە ١٩٥٠ لەسەر ئەرکی عەلائەدینی سەجادی لە بەغدا لە چاپ دراوە. ناوەڕۆکی ئەم بەشی دیوانەی هەروەکو خۆی لە سەرەتای کۆمەڵە شێعرێکیدا ئاماژەی پێ کردووە «سەرانسەر لەگەڵ بابەتەکانی جوانی و دڵداری خەریکە» و مامۆستا پێشکەشی دەکات بەو شۆخ و نازدارانە کە جوانییان وەک تیژ ئاوری، وەک چرا پێش چاو ڕووناک ئەکاتەوە.

له سـاڵی ١٩٥٤دا له چاپخـانەی ژیـن قەسـیدە درێـژەکەی «پەیـامی کورد بۆ میهرەجانی چوارەمی گەنجـان و قوتابییـان له بوخاریسـت» له چاپ دەدات.

له ١٩٥٨دا گۆران بەنیاز بووە کۆمەڵەشێعرێک بە نـاوی «سروشـت و دەروون» له چاپ دا کە دوای خستنە ژێـر چـاپی تەواوی نەکـرد کە پاشـان له لایەن «هـۆگر»ی کـوڕی و براکـانی له ١٩٦٨دا بە نـاوی «سروشـت و دەروون له گەڵ ئـۆپەرێتی ئەنجـامی یـاران» له چـاپ دراوە.

گۆران زۆر باش ئاگـاداری نوێبـوونەوەی ئەدەبیـاتی گەلانـی تـر وەک تـورک و ئینگلیـزی بـووە چـون نەویسـتووە له ئەدەبیـاتی ڕۆژ دوور کەوێـتەوە دەسـتی داوەتە وەرگێـڕان. گـۆران یەکەم شـاعیری کـورد بـووە کە شـێوازی کـۆنی عەرووزی بەلا دەنێـت و شـیعری کـوردی دەگەڕێنێتەوە بۆ شێوازی هیجـای کـوردی. بـاوڕی وابـووە کە ئەبێـت شـــێعری کـــوردی له عەرووزەوە بگـــرێتەوە بـــۆ ســـەر کێشـــی پەنجە (هیجـــا)ی کـــوردی. ئەو کێشـــەی کە فلکلـــۆری کـــوردی و شیعری هەورامی له سەردەمی ئەردەڵانییەکان پـی هـۆنراوەتەوە. هەر لەم بارەوە دوای شیکردنەوەی مانای شـیعر له زمـان چەنـد نـاوداری جیهانی، پاشان ئەلێت: «.. بە دروسـتیش سـەرنج بـدەین ئەبینـین، کە له گشـت زمانەکـانی ڕووی زەویـدا شـیعرێک، بە شـیعر دانرابـێ و پشتاوپشت هەتا ئێسـتا بە جـێ هێڵرابـێ هەر ئەو شـیعرانەن، کە بە

پێی تابەتێتی و پێوانەی نەتەوەی عائیدی خۆیان وەزنێک تایبەتییان هەیە. تەنانەت قافیەش لەناو هەندێ نەتەوەدا بە پێویستی بنجی (ئەسڵی)دائەنرێ بۆ شیعر، ئەگەرچی شیعری ئەم نەتەوانە هەرگیز وەک هی ئەوانی تر نەیتوانیوە بە کێوی ناوبانگی ئیتاتیکی بە ناوی شیعری پەخشانەوە، ناو بە ناو ئایا بخوێنینەوە.» ئەو نوێ خوازیە دەبێت بە هۆی ئاڵگوڕێکی نوێ لە دنیای ئێستای شیعری کوردیدا.

گۆران بێجگە لە شیعر دەستێکی بەرزیشی لە بواری پەخشاندا بووە. پەخشانی گۆران ڕەنگدانەوەی سەردەمی ژیانی خۆیەتی و خۆیشی بەردەوام نەبووە لە سەریان و لە ڕاستیدا ئەو گرنگییەی بە شیعرەکانی داوە و هەوڵی تازە کردنەوەی تێدا داوە بەو شێوەیە لە پەخشانەکاندا کاری نەکردووە.

لە کاتی ژیانیدا سێ دیوانە شیعری «بەهەشت و یادگار» و «فرمێسک و هونەر» و «پەیامی کورد» هەروەها لە ١٩٥٣ و ١٩٦١دا هەڵبژاردەیەکی چیرۆکی بێگانە و هێندێ سەرنجی رەخنەگرانەی بە چاپ گەیاندووە بەڵام گۆران زۆر بە ئاوات بوو تا پێش مەرگی دیوانە شێعرەکەی لە چاپ بدرێت. لە ١٩٧٨ لیژنەیەک پێکهاتوو لە محەممەدی مەلا کەریم، دوکتۆر عیزەدین مستەفا، کاکەی فەلاح ، حەمەکەریم فەتحوڵڵا، جەلال دەباغ و هۆگر گۆران و هێرۆ گۆران و ئەژی گۆران بۆ کۆکردنەوەی بەرهەم و شێعرەکانی کە

زۆربەی لە گۆڤار و رۆژنامە کوردییەکانی دەرەوە و ناوەوەی عێراق بڵاوکرابوونەوە، وەک گۆڤاری هاوار لە سووریا و ڕۆژنامەی ژیانەوە و دەنگی داس و ژین و ئازادی و گۆڤاری گەلاوێژ و دەنگی گێتی تازە و هیوا و شەفەق و بەیان و بڵێسە و رووناهی و نامیلکەی دیاریی لاوان و یادگاری لاوانی عێراق ئەکەونە تەقالادان و بەم بۆنەیەوە ئاگاداری و بانگەوازێک بو ئەدەب دوستان لە ڕۆژنامەی «بیری نوێ» ژمارەی ٢٧٧ و «پاشکۆی عێراق» ژمارەکانی ١٢و١٣ بڵاو ئەکەنەوە. لە ئاکامدا دیوانەکەی لە ساڵی ١٩٨٠ ئەکۆیتە بەر چاوی خوێنەران و هۆگرانی شێعری کوردی.

لە سەرەتای ١٩٦٢دا دەردەکەوێ کە گەدەی تووشی نەخۆشیی شێرپەنجە بووە. نەشتەرگەرێکی سەرکەوتووی لە بەغدا بۆ دەکرێ بەڵام پاش وادە. پاش ئەو نەشتەرگەرییە لە نیساندا ئەچێ بۆ مۆسکۆ و سێ مانگێک لە نەخۆشخانەی کرێملین و سەنەتۆری بەرڤیخە بەسەر دەبا و پاشان ئەگەڕێتەوە بۆ ئێراق. پاش

# به بۆنەی بیرەوەری مەرگی حەسیب قەرەداغییەوە
## ١٩٢٩- ١٩٩٧ز

دەربەدەریم لە ولاتاندا هەژدە سالی کێشابوو، گەڕابوومەوە ولات، لە کۆڕ و کۆمەڵ و میهرەجاناتدا بەشداریم دەکرد و تا ڕادەیەک جێگەی خۆمم کردبوویەوە لە یەک دوو ڤیستیڤاڵ و بۆنەی ئەدەبیدا شیعرم خوێندبوویەوە، سەرنجی برێک لە چاوساغانی شیعرم ڕاکێشابوو" خاڵە حەسیب" حەسیب قەرەداغی هەرکە دەیدیم بەناوی خەلیفە بانگی دەکردم، ئەو حەلە زۆر لام خۆش بوو کەسێکی وەک حەسیب قەرەداغی بە خەلیفەی خۆیم بزانێت، ئێستایش هەر شانازیی پێوە دەکەم.

سەد ڕەحمەت لە ڕووح و ڕەوانی خاڵە حەسیب، ئای چەندە ئەڕباب و عالی جەناب بوو، سەردەمدار و کۆڕ ئارا بوو، لە ڕۆژی چلەی ماتەمینەکەیدا یەک کاتژمێر لەپێش دەستپێکردنی چلەی ماتەمینیەکەی نامەیەکی " حەسیب"یان دایە دەستمەوە، کە سەیری مێژووی نووسینی نامەکەم کرد، چل و هەشت کاتژمێر لە پێش مەرگیدا نووسیویەتی، هێندەی تر گرم تێبەربوو، کاتێک ڕۆیشتمە پشت مایکرۆفۆن قوڕگم پڕ بووبوو لە گریان. ویستم دەست پێ بکەم، بە پڕمەی گریانەوە دەستم پێ کرد. شین و شەپۆر لە

دەروونما هەڵهەڵەی دەکرد، بە هیچ جۆرێک نامپەرژێتە سەر مەرگ تا دێت و ئازیزێکم لێ دەڕفێنێ.

من لەو کەسانەم خۆم بە کار و کردەوەیەکەوە خەریک دەکەم، سەرەتا و ئاکامی بە لامەوە نادیار بێت، بەڵام ترس و دوودڵی و گومان لە شارەوەکان سەرنجم ڕادەکێشن و موگناتیس ئاسا وەک برغویەک ڕووبەخۆی ڕامدەکێشێت.

مەرگ هەقە، هەقێکی تفتوتاڵ و هەمیشەیش هەروابووە، منێکی دڵناسکی شاعیر سفەت بۆ خۆم بە تراژیدیای مەرگەوە خەریک کەم. هەتا بیری لێ بکەیتەوە وەک موگناتیس بەرەو خۆی کەمەنکێشت دەکات... بە چەشنێکی وا لەو زیاتر بیروفکرت جێگەی هیچی تری تیا نەبێتەوە، کەواتە بۆچی بۆ مەرگ بژیم، ئەی ئاکام و سەرەنجامم هەر ژێر دەوارە ڕەشەکەی نییە؟ لە ئەبەدەوە هەڵدراوە و هەتا ئەبەدیش هەروا دەبێ و بووە، ڕەنگە ملیۆنەهاساڵیش بکێشێ و نەگەمە حوزوور و بارەگای نوور.

منی عاشق، عاشقی پرشنگ و تیشک و ڕۆشنایی خولیام، پڕپڕی داهێنان و جوانی و زەڕافەتە، پڕە لە بیر و فکری خزمەتگوزاری مرۆڤایەتییە، بەتایبەت بۆ میللەتەکەم، خولیای دونیای ڕۆشنبیری لە دەروونمدا ملّق دەدات، مەرجەکانی ویژدان سەرتاپای گرتووەتەوە چیمە لە دەقە ناسراوەکان؟

دووجار دوو دەکا چوار و تەواو، مەرگ وەک پەیکەرێکی زلزەلامی ئەزەلی لە سەرەتای بوونەوە لە جێگەی خۆیدایە ئەوە ئێمەی مرۆڤە

بەرەو ئەو دەڕۆیـین، ئـێمەین کەمەنکێشـی دیـار و تەبـاری دەبـین و خۆمان دەهاوێژینە قـوڕگیەوە ئیـدی هەر کەسـەمان بە جۆرێـک و بە هۆیەک ...

دوور ناڕۆم باسەکەم باسی حەسیب قەرەداغییە:

**بڕۆ حەسیب، حەسیب بڕۆ**

**تەختی فەرهەنگمان بێ تاجە**

**کە فەرهەنگمان تاجی نەبێ**

**پێگەی شیعریش بێ ڕەواجە**

وردببـنەوە لەم تراژیـدیای قەڵەمبدەسـتانی ئـێمەی کـوردە، لە دوا هەناسەی سـەدەی بیسـتەمدا، کەڵەشـاعیرێک لە بـێ دەرمـانی و بـێ پەرستاریدا بمرێت، چاوساغانمان بەرەکەت نەکەن وا بڕوات، کەسانی تریش بە ڕێگەوەن... نازانم بۆچی حەسیب بگریم؟

بۆ کوژانەوەی گڕی مۆمە بۆنخۆشەکەی یان بۆ هەڵبەست و عیشـق و دونیا پڕ لە زەرافەتەکەی یا بۆ دواسالآنی پڕ لە کـوێرەوەری ژیـانی؟ نەفرینتان لێ بێت چاوساغە کوێرەکان!

ئەوا گریام چ سوود؟ سرنجی کێ ڕادەکێشم، کێ دەربەسـتە لە ژان و ئێشم؟

ئەوانەی لە ئاسـتی خولقانـدن و تـوێژی خوێنـدەوار و هەڵبەسـت و هونەرە جوانەکان خامن، کـاڵن، کەڕن، کـوێرن، کـاڵن؟ یـان ئەوانەی هۆکارەی ڕەفتاری زرتە زەلامانە و وشەی تاڵن؟

برادەرینە! ئەوە قوڕ و لیتاوەی تێی نیشتووین زۆر دەخایەنێت...

برۆ حەسیب وا لەگەڵ کەژاڵـی جوانەمەرگدا شـادبوویتەوە، دەمزانـی پەیـکەری وجـوودت پـڕ لە ئـێش و زامە، دەمزانـی سـەرفرازیت لە مەرگـدایە، مەرگ بـۆ شـاعیرانی شـەیدا بە چێـژ و تـامە، ئاسایشـی ئەزەلێتی لا مەرامە:

**کە ڕوانیم بە جەستەی خۆمدا**

**برینەکان وەکوو گوڵی دەم کراوەبوون**

**خوێنیان دەتکا**

**لەژێر باری ڕقی خەستیان لە ئارامیم**

**پشتیان دەشکا**

کوڕە سەیرە ئەوی نایانەوێ بیکەن دەیهاوێژنە هەڵدێرگای بۆنەهات و بیگرە و بەردەی خۆماڵی و گەمارۆ و مەرجەکانی سەختی گەمارۆوە.

**ئەوەتەی من پێم گرتووە خەمی خەڵکم لە کۆڵدایە**

**کە ڕۆژ هەڵدێ تا ئێوارە**

**هەموو هەر لە باوەشمایە**

**بۆ تاریکە، چرایەکی وا هەڵدەکەم**

**لە ڕەنگی جوانی دونیایە**

**کەچی هەر سەیر لەوە دایە**

**من شاعیری میللەتێکم**

**سەدان ساڵە بەری خۆری لێ دەگیرێ**

**وەکوو پێویست کەسێک بە خەمییەوە نایە.**

**ئارام بگرە کاکە حەسیب چاوەڕوان بە ئەم دەم و سەردەمە**

**وا بڕوا تێکرا، ئێمەیش بە ڕێگەوەین.**

**لە مەینەتی**

**لە نەداری و پەت پەتێ**

**شاعیر خۆ چاوی تێر بووە**

**لە دەم سپی و لە چاو ساقێ**

**جگە لە هەڕەشە و چاو زاقێ**

**کەی بە تەمای خێر بووە...**

زۆر لە خەڵکی لایان وایە یان بە مەفهوومی ئەوان شاعیر بە هەژاری و نەدارییەوە جوانترە و باشتر شیعری بۆ دێت، کەچی شاعیران و ڕۆشنبیرانی میللەتانی تر دەوڵەمەندێکی وان لە کێشدا نین و خەڵاتی نۆبڵیش دەبەنەوە.

خۆ خوانەخواسە ڕۆشنبیری کورد ئاوا هەوا و هەوەسێکی لە ئاوەزدا نییە و خاوەی کوردبوونی دەدا، خۆزگە خاوەکە وەک خۆی بدرایە.

حەسیبیش چوو، حەسیبی پەروەردەی دۆڵی پڕە ئەفسانەیی قەرەداغ و تەماشاکەری پۆپە و لووتکەی چیای سەربوڵندی "زەردە"ی هەمیشە سەرفراز، حەسیبی عاشقی کەرکووکی هەمیشە زام بوو:

**ویستم تێبگەم، خۆشەویستی... چەندێ جوانە؟**

**وەلی وتی: بالای (شەم)ـە**

**مەمیش وتی:... زین وەری گرت، بەژنی (مەم)**

**خەجیش وتی: وەک زامەکەی (سیامەند)ـە**

**مامەیارە وتی: وەکو سەر گوزشتەی دوانزدە سوارە**

**لەلای حەزرەتی (مەولەوی)یش وەکوو چاوڕەشی لای دەوار**

**لەلای منیش وەکوو دوو قوڕسەکەم... کەژە و بەهارە**

**کوردێ بانگــی بەختی دەکرد: ئەرێ زووکە**

**لەخۆشەویستی جوانتریش، شارە گەرمەکەی کەرکوکە**

**حەسیبی شیفتە و شەیدای شنەی شەماڵی دەربەندی پەیکووڵی و "باسەرە" پڕ لە ڕاز کە دەخرۆشا و دەیوت:**

**وا خۆم هاتمە لات، ڕێگە زۆر چەواشەیـــــــــە**

**ڕۆژێک هەلاجی هاڕی، ئێستایش هەر ئەو ئاشەیە**

هەلاجی پەلوپۆقرتاو و هەڵواسرا، تا زمانی گۆی کرد ئەنـالحەقی لـێ نەبــڕا، بــوو بە قوربــانیی زوڵــم و زۆر، بــوو بە قوربــانیی چینــی داپڵۆسـێن، بـوو بە قوربـانیی دەسـتەڵاتی تێرنەخـۆری ئەو حەلە و ئێستایش من و تۆ دەبینە قوربانی!

بە لایــانەوە شــەممە لە مانــگ دەبــڕێ، چەرخ چەواشــە دەبــێ، ســەیوانەکەیە و ئێــوارە کۆڕێــک و پیاهەڵــدانێکی پــڕ لە درۆ و خۆپێشاندان.

ئەم دەردە تـازە نیـیە، دەردی بـێ فەرهەنگـی بـاج و خـاوەی زۆری گەرەکە، دایکی هەموو دەردەکانە، دەردی سەرتاسەری کوردستانە!

**سەرخۆش و سەرمەستێکی بێ بادەم**

**لە خۆڕا سەما ناکەم چەپڵە لێ نادەم**

**لە پرسەی خۆزگە و خەیاڵا**

**گوێ کەڕ دەکات ناڵە ناڵم**

**سەمای مەرگە و زرمەی لەپە و**

**بە سنگما دەیماڵم**

**شێوەنی من، شێوەنی لێهاتووانی ڕووت و ڕەجاڵە**

**شێوەنی خامە بە دەستانی بێ ئەحواڵە**

**منی شاعیر لە چوار دەوری درۆی دزا**

**پووچە عاشقی ڕەوشتمە؟**

**دەردی خۆمم لەبیرچووە**

**بۆچی هەر غەمی گشتمە؟**

**سەد پەڵەی سوور بە بەرۆکمەوە نەخشاوە**

**بڕوانە! خوێن پڕ مشتمە!**

**زامێک کۆڵەواری کردم**

**هی نووکی خەنجەری پشتمە**

**بە دوعا خالۆ حەسیب، ئاسوودە بنووە..**

**دەزانم ماندوویەکی هەزار ساڵەی**

**هەر نەبێ لە دەست بتوبتەوان ئاسوودەی**

**..................................................**

**بتم بینی دەستی خستبووە ناوبار**

**بەسەر یارا لەفی دابوو وەکوو مار**

**بتم بینی لە باوەڕدا وەکوو دز**

**لەشی مت دابوو چاوانی کرۆبز**

**بتم بینی لە هەڵبەست و وتارا**

**لە بەینی زبری بەیداخ و شیعارا**

دڵنیـــام لە هەوارگەی عوشـــاقانا ســـەر پۆپەکـــان کۆبـــوونەتەوە و بەخێرهاتنت دەکەن، خرمەی دەفە، ناڵەی نەیە، نالی لەو سەر بنەوە چـاوی ڕەزای تـێ بڕیویـت، مەحـوی بە خەنـدەی سەرمەسـتانەوە لەگەڵتا دەدوێت...

مەولەوی بە پەرۆشـــەوە هەواڵـــی کەڵـــی پەیکـــوڵی و زمنـــاکۆ و ئەشـکەوتی پاشـات لـێ دەپرسـی، عاشـقە ئەزەلیـیەکەی هەڵەبـجە هاتووەتە پێشوازیتەوە، پەرۆشی هەواڵی زەڵم و دوو ئاوانەکەیە...

خاڵۆ حەسیب سلێمانی شەیدایانە چاوەڕێی لوتف و سۆزتە:

ئەی شارەکەم بەهارەکەم!

لەو ڕۆژەوە، منیش شەیدای چاوەکانتم

گۆرانیم تۆی، هەڵبەستم تۆی

کۆڵانێکی سابوونکەران

کوچەیەکی کانێسکانت،

سوڵتانم نایدەم بە یەڵدزت!

کیسرام نایدەم بە هەیوانت!

ئەی ئەو شارەی دووسەد دەرەی زامت بڕی!

ئەی ئەو شارەی دڵی مێژووت لە ئەیلوول و حوزەیراندا بە چنگ دڕی!

ئەی ئەو شارەی کە دەروونت ئەکرێتەوە، میهرەبانی!

بووکێکی زۆر خان ومانی....

کە ناوچاوت دێنیتەیەک.....

بوومەلەرزەیت و بورکانی!!

ئەی شارەکەم ! تۆ، بێ تەختی

من، بێ بەختم!

ئیمام نوێژی ناڕەوایە

کەچی من بانگی ناوەختم!

ئەی شارەکەم!

تۆ هەر شار نیت، سەری شاری!!

**دووسەد ساڵە لەگەڵ لوورەی ڕەشەبادا**
**دەجەنگێت و هەر تۆ سورای!**
**خۆت کاروان و خۆت هەواری!**
**ئەی شارەکەم**
**تۆ هەر شار نیت، شاری شارانی!**
**ئاسمانیشت لێ زیز بێت**
**خۆت فریشتەی و خۆت بارانی**
**ئەی شارەکەم ......... سلێمانی!**

ئەم وتارەم لە چلەی حەسیب قەرەداغیدا لە شاری بەغدا خوێندەوە، لە ڕێکەوتی: ١٩٩٧/٣/١٩ز لە هۆڵی دەستگای ڕۆشنبیریی کوردیا.

# هێمن موکریانی

١٩٢١-١٩٨٦ز

# ناڵەی جودایی و ناڵەیەك

## ئەورۆنا سبەی

برادەرێک وتی پێشەکییەک بۆ ئەو کتاوچەتە نانووسی؟ سەیرم کرد شتێکی ئەو تۆم نەماوە بۆ وتن. لە ناڵەی جوداییدا هێمن بۆخۆی هەمووشتێکی وتووە و لە باسی ئەو تراژدیایەدا، لەوێڕا بەندەیش دواوم. هەر ئەوەندەی دەڵێم هێمن دوا شاعیرە هەرە بەرزەکانە بە دوای ئەودا هێرشی مەغۆل دەستی پێ کردووە، فەرماندەکانی جەنگیزخانیش ناسراون، ئیدی ئەوە سەبووتایە، جبەنوونە... ئەوی شار و دیاری شیعری کوردی هەیە، وێرانیان کردووە.

لەوەی دڵنیام ڕۆژگارێک دێت ئەوی شوێنپاو دەستی جەنگیزخان و فەرماندەکانی هەیە، ئەوی وێرانەماڵی شیعری کوردی هەیە، سەر لەنوێ بونیاد دەنرێتەوە، ئیدی ئەو میللەتە وا کەلاوەنشین نابن، کە هەن.

کوڕە وەرە بمکوژە! ئەوی خانووبەرەی کەلتووری و کلاسیک هەیە هەڕوژان چییە ئەفەندی دوژمنی پەیڕەوی مەکتەبی کلاسیکی خانووبەرەیە، خواهەڵناگرێ، برێک لەو دیزاین و مەترپاڵ بەکار بردنە، بە حیساب مۆدێرینن و بۆ ئەوە دەشێ ژیانی تیادا بکرێت.

سەیرەکە لەوەدایە، هەر نیوە " عومیەک" ئەوڕۆکە تەلارسازە، ئەوەندە تەلارساز لە وڵاتی ئێمەدا هەن نە لەناو میللەتی چیندا هەن، کە بۆ خۆیان یەک ملیارد و هەشت سەد ملیۆن کەسن. خۆ لە ئەمریکا و ڕووسیا و بەریتانیاشدا نین.

کاکە لە دیزاینەکەی گەڕێ، ئەی مەترپاڵ و کەرەستەکانی بۆ ناڵێیت بە نمەبارانێک دەخوسێن، نە بەرگەی سەرما دەگرن و نە گەرمایش، ڕەشەبایەک لەبنوبێخ هەڵیان دەتەکێنێت.

جەنگیزخان شێوەی ساختمانی "گۆران"ی بە دڵ نەبوو، کە بۆخۆی لە کاتی خۆیدا کودەتای کردووە، "هیمن"یشی بەلاوە کلاسیک مەئاب دەژمارد. خۆ ئەوە دوژمنی بابەکوشتەی تەلارسازەکلاسیکەکان بوو، گاڵتەی بە دیزاینی خانای قوبادی و نالی، سالم، مەولەوی، جەزیری دەکرد و دەیوت: مرۆڤ دەبێ سەردەمانە تێفکرێت ئەو خانووبەرانەی دروستیان کردووە بۆ هەڕووژان باشن، لە بیری کردبوو، ئەوانە پەرستگان، خانەقان، مزگەوتن، مەزارگان.

جەنگیزخان ئەوی توانی کردی، دهۆڵی زۆریشیان بۆ لێدا. بە تەئکید ئەو شێوازە ساختمانە ماوە و مەودایان کورتە، لەوەگەڕێ ئەوڕۆ بێ

تەکبیـــرییە، ڕەشـــبگیرییە، کەس بەکەس نیـــیە، دڵنیـــام ئەم ئاشـوفتەبازاڕییە لە دوا هەناسـەکانیدایە، سـرناژەنەکانیش شـاربەدەر دەکرێن، بە ئومێدی ئەو ڕۆژە.

هــێمن وەک زەویــوزاری پــڕ لە خێــر و بەرەکەت وایە، خەرمــانی قلاقـلایە، کانیـاوێکە بـۆ هەتـا هەتـایە دوایـی نـایە، دڵنیـام کاتێـک زەڕافەتەکان جێگەی خۆیان دەگرنەوە زۆر لە شەقام و کۆلیژ و هـۆڵ و کۆشکە تێکڕاییەکان ناوی "هێمن"یان لێ دەنرێت، کەی؟

ئەو کـاتەی هێمنـێ دەکـرێتەوە بـاو، ڕۆشـنبیری پـێگە و جـێگەی شایسـتەی بـۆ دادەنرێـت و مەعـدەن و کـانی زێڕینـی هـێمن نەک لە وڵاتدا، بەڵکی لە جیهاندا عالەمگیر دەبێ.

بە ئومێـــدی ئەو ڕۆژەی ڕۆشـــنبیری کـــورد بگـــاتە ئەو ئاســـتە ڕۆشنبیریەی.

خوسرەو جاف

٢٠١٩ /٨/١٥

بەلای منەوە، ڕەنگە بەلای خەڵکانی تریشەوە هەڵبەستی "نالەی جودایی" شاکارێکی نێو دونیای ئەدەبیاتی کوردی بێت، نەک هەر لەبیر ناڕوات، بەڵکوو هەرگیز کۆن نابێت، دوور لە پیری و لەبیرچوون هەمیشە مەوجوودییەتی دەبێ و دەمێنێتەوە...

لە دونیای ئەدەبیاتی عەرەبیدا شاعیرانێکی بەناوبانگ هەن، ناسراون بە خاوەنی تاکەهەڵبەست. دەگێڕنەوە و نووسراویشە کابرایەکی عارەبی بادیەنشین بەناوی بن جەهم دێت بۆ بەغدای سەردەمی خەلافەتی عەباسی، خۆی دەگەیەنێتە دەرباری خەلیفە "نازانم کام خەلیفە بووە" دەڵێت شیعرم پێیە و بۆ خەلیفەی دەخوێنمەوە، دەیبەنە حزووری خەلیفە و شیعری بۆ دەخوێنێتەوە لە خەسڵەتی وەفادا خەلیفە تەشبیهـ بە سەگ دەکات و دەڵێت:

أنت كالكلب في حفاظك للود

و كالتيس في قراع الخطوبِ

أنت كالدلو، لا عدمناك دلوًا

من كبار الدلا، كبيرَ الذنوبِ

شاعیرە کاسەلێسەکانی دەرباری خەلیفە دەیکەنە هەرا لێی و داوای سزا لە خەلیفە دەکەن، خەلیفە بە پێچەوانەی ئەوانەوە فەرمان دەدا لە ناو شاری بەغدادا خانووی بدرێتێ و ژیان و زیندەگیشی بۆ دابین بکرێت و ئافرەتێکی کۆیلەی نازداریشی پێ دەبەخشێت، خەلیفە دەڵێت ساڵێکی تر وەرەوە بۆ لام بە شیعرێکی تازەوە.

ئیــدی کــوڕی جەهەمــی سارانشــین لەو ســاڵەیدا چــاو و گــوێی دەکرێتەوە و شیعرێک دەنووسێت و دەیگەیەنێتە خزمەتـی خەلـیفە و هەڵبەستی بەناوبانگی "وعیون المها" دەخوێنێتەوە:

**وعيــون المها بيـن الرصــافة والجسر**

**جلبنا الهوى من حيث ادرى ولا ادرى**

ئەم هەڵبەســـــتە هەر یەکجــــار زەریــــفە بەلای خەلــــیفە و دەوروبەرەکەیەوە، پێگەیەکی شایانی پێ دەدرێت، کوڕی جەهەم نـاو دەنرێـت خـاوەنی تـاکە هەڵبەسـت. ئەشـهەدو هـێمن جـگە لە نـاڵەی جودایی شیعری زەریفی تری زۆرە، شتێکە ئێمەی کـورد بـێ خەلـیفە بووین، یەشتایش هەر بێ خەلیفەین!

کام شاعیر دەتوانێ شکایەتی خۆی لە زەمان، لە ڕۆژگار، لە بێزاری، لە نەداری، بــێ پەرســتاری، لە بەیتێکـدا کـۆمەڵ بکـات و تۆمـاری بکات:

**ئەی ئەوانەی قەت لە بیرم ناچنەوە**

**ئێستا بمبینن ئەرێ دەمناسنەوە؟**

لێرەدا دەکۆشم دەسـت لە چمکـی کەوای غەمەکـانی هـێمن گیـرکەم، شەوبێداریی هێمن، شەپۆڵ شـەپۆڵ ئازارەکـانی، غەمە بێـدەنگەکانی، تەپاوتل و شانبەشانی ناو جێگەی تەنهایی تا بەیان... ئەوە هێمـنە ناڵە و سمتووری غەمەکانیەتی لە ئافاقـا دەبیسـرێت. ئەوە هێمـنە لە

هەر کۆڕ و کۆمەڵێکدا باس لەناڵەی جودایی دەکرێت، ئەوە وێردی زمانی هەر مەزڵوومێکە لێرە و لەوێ هاوار بۆ هێمن دەبرێت، هێمن ئەوڕۆ دیاردەی نامۆیی و غوربەتە، هێمن ئەوڕۆ پانۆرامای مرۆڤی بەش بەش و لەت لەتە...

هەر وەک وڵاتەکەی فکری دابەش، هەستی دابەش، لە یەک ساتدا کەنین و گریانی تێکەڵ، بۆ دەمێک خونچەی پەژمووودەی ژاکاوی سەر لە خوار و دەمێک گوڵی کراوەی سەر تەل بوو، تێکەڵەیەک وەک هەویری ڕەنگاوڕەنگی تابلۆیەک بۆ مەرگ و ژیان، دەمێک کەنین، دەمێک گریان...

هێمن لە رۆژێکدا سەدجار دەمرد و سەد جار زیندوو دەبوویەوە.

نۆشداری عیشقی هێمن ئەفسانەخولقێن بوو، پێکەوە مەرگ و زیندەگی دوێن بوو، لە پانتای فکری هێمنا، بست بست سفرەی عیشقی ڕادەخست، بانگەوازی ئەرێ بڵێ کێ لە من شەیدا ترە؟

کێ لە من بێ پەرواترە؟

کێ لە من ڕسواترە؟

سەرێکە و هێناومە و نایگەڕینمەوە، بێ تۆقیان هاتووم بە ڕێگەوە، ڕۆژانە وەک زامێک دەکوڵێمەوە، پووشکەئاسا و بابردەڵە لە فەراغا دەڕۆم و دێمەوە.

پاڵپشت و پشتیوانم هەرتۆی، توخوا مەڕۆ، واوەرگەڕێ... ئەوەسا منم نامبینی؟ هەڵمەكێشە بۆ سەرپەڕێ.

ئەوە منم ڕێز و قەدری تۆ دەزانم، ئەوە منم دەزانم هەڵگری كلیلی قوفڵە سەر مۆرەكانی، ئەوە تۆی بە ئاسانی دەتوانی بمژەنی و بمژەنی... مەڕۆ مەڕۆ كەیل و كێشانەت لای منە، چیتە لەو ملهوڕانە؟ ئەوانە سەرسەریئاسا ژیاون، ئەوانە لار و خوار و چەوتن، ئەوانە پێگە و جێگەی غەم نازانن، زادەی فرسەت و ڕێكەوتن، ئەوانە حەڕامخۆرن، من بە حەڵاڵی دەخۆمەوە، دوور لە هەرا، دوور لە نەڕە، كاتێك سەرخۆش بم، بە هێمنی دەڕۆم بە ڕێمەوە.

ساقیا وا وەرگەڕێ، وا وەرگەڕێ، دڵم مەشكێنە جامێكم بدێ و ئەو دەم بمدوێنە، قەدری مەی من دەزانم، لێگەڕێ لە گێڵ و لە دونیا بێ خەبەرێ.

دەردئاشنام كۆڵەوارم، هەوارگەی دەردم. لەوانەگەڕێ هەڵئاوساوی هیچن، گیلانە بینی پێوە دەنێن خوار و خێچن... مەی بەلایان نیشانەی من من و زۆرداریییە، بۆ منی وێرانە ماڵ، مەی ڕەوایە، مەی دەوایە، ژانەكەم یەكجارییە، حەیفە لێی بخواتەوە ئەو زرتەزەلامە ملهوڕە، بەرزەدەماغە، وەرە لای منەوە، وجوودم فەرهەنگی ئاخ و داخە...

ئەوە مـــنم مـــاڵوێرانم هەوارگەی ژانـــم دوور لە ژیـــانم. خەم لای مـــن پەنگی خواردووەتەوە، دەمهێنێ و دەمباتەوە، ئەوە منم خەم ئەژدیها ئاسا بە بێدەنگی قووتم دەدا.

ورد بڕوانە! چیتە لەوانە؟

ئەوانە زۆر و زەبـــری زۆردارییـــان نەچێشـــتووە، ئەوانە وەک مـــن فرمێســـکی بێـــدەرەتانییان نەڕشـــتووە، وەک مـــن هەرچـــی حەز و ئارەزوویە لە ناخیدا نەکوشتووە...

دوژمـن لە مـاڵی دەرکـردم، دوژمـن هەڵـی قـاچیم، دای پـاچیم، بـێ سەری کردم، چەپاو بەلێشاو، شار بەشار کوشـتن، بە هەزار پەلامـار و پەلامار چەوساندنەوە چین چین.

ئەوە نیـیە تـۆیش نـانواڕیتە منـی قوژبننشـین، ڕاوەسـتە مەڕۆ ئەوانە گومڕا و ئـالوودەی جـامن، بـێ حـورمەت دەخـۆنەوە خـامن، گەوجـن نەفامن... فێـرە بـڕۆ، فێـرە لاچـۆ، فێـرە فەرمـانن... کەی وەک مـن زمانشـیرین و پەروەردەی وژدانـن، دەمەڕۆ بـۆ سـەرپەڕی ئەوە مـنم سـالآنە فرمێسـکم ڕشـتووە، لەو تـاڵەم بـدەرێ، عـومرێکە تـاڵیم چێشتووە...

**مەڕۆ مەمپەڕێنە، مەڕوانە لە دونیا بێ خەبەرم.**
**ئەوەسا منم ڕێزت دەنێمە سەر سەرم**
**مەنوارە یەخسیر و پەروەردەی چەپووکم**
**لێقەوماو و نەدار و دەست بە چۆکم**
**منیش مەیگێڕم لە بەزم و ڕەزمی وژدانا**

سەوادیی هێمن لە واقیعیەتی ژیانا، لە پانتایی ویژدانا، بەلای زۆر کەسەوە مەتەڵە، ڕازە، ڕێبازە، عورفە، کەلتوورە، دەستوورە، دوورئەندازیی عەقڵی هێمن، یاخیبوونی سکاڵا و بۆچوونی فەلسەفەی قەناعەتە، بۆ کەسانێکی وەک من لەزەتە، عیبرەتە.

ئەوە وایە عەقڵی هێمن زادەی زۆر و زەوت و جەبەڕووتی ناڕەوایە، دڵنیام هێمن لە وڵاتی خۆیشی بوایە، هەر هەمان هێمن دەبوو کە هەیە.

**ساقیا واوەرگەڕێ وا وەرگەڕێ**

**ڕوو لە لای منکە مەڕۆ بۆ سەرپەڕێ**

لەنگەری خەلە پاشماوەی بەندەری تۆفان لێدراوما، وردبەرەوە لە بوون و باوما، بۆ دەکەی بەرزەفڕی منی سەرگەشتەی ڕووت و ڕەجاڵ، منی بێ دەوڵەتی دوو هەزار ساڵ...

**مەڕۆ تخوا مەڕۆ....**

**سا مەڕۆ تخوا مەڕۆ**

**بێنە بۆ من بێنە بۆ من جامی پڕ**

**لەنگەر بگرە و مەبە وا بەرزەفڕ**

**مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانەماڵ**

**بۆ منی سەرگەشتە و ڕووت و ڕەجاڵ**

**بۆ منی بابردەڵەی گردەنشین**

**بۆ منی پڕ لە ناسۆر و برین**

**بۆ منی ئاوارە و دوور لە وەتەن**

**بولبوولی بێبەش لە گوڵزار و چەمەن**

سەیر سەیر چۆن تک تک خوێن لە دڵی دەتکێ، چۆن و چەن بە زەرافەتی هۆشا دەخوێنێ؟

هێمن زاتی وابووە، لە ناو جەرگەی وڵاتیشدابا هەر ئەمە دەبوو کە بووە، تراژیدیای هێمن بایەلۆژییە، بەند بەند لەش و ئەندامی ڕوخسار و ڕووی دەمارە مووی پڕ بووە لە ئازار، لە هاوار، بە چاکی خۆی ناسیوە، ڕێبوارێکی غەمستان و تاک و تەنها و بێ پشتیوان خۆی دیوە، لە خەم سازندەگی، لەزەت لە دۆڕان یا زندەگی، لە دابڕانی ئازیزان هەوێن، لە تەنهایی و هێمنی خەڵک دوێن، لە زەبر و زۆر

سەبر و قەڵغان، لە ناهەقی و وژدان، لە دەردی دەربەردەی دەوا، لە کرێوە سەرما و سوڵە کراس و کەوا، لە برسێتی نان و خوان، لە تاریکی مەشخەڵان، لە بۆنەهات تویشووی ژیان، لە تەنهایی وشەی جوان، لە پەلامار بانگەوازی ململان بۆ نیشتمان بۆ کوردستان، کوان لە کوێن یاران، ئەوە منم پیری کنفتی گۆشەنشین، سەربۆرە خوێنی سەرکۆتەڵ، پاشماوەی چەپاو و تاڵان:

**داتەپیوی بێ پەسیوی بێ قەرار**

**بێ کەسی دەستشکاوی کۆڵەوار**

**لێو بەباری دەردەداری ڕەنجەڕۆ**

**شاعیری جوانی پەرستی دڵ بەسۆ**

لە دونیای بەربڵاوی زانستی جوانیا، مەرجی جوانی بەلای هێمنەوە جیاوازە، مەتەڵە ڕازە، فەلسەیەکە لە لێبوردن و گوزەشت و بەخشین و عیرفانە، بەلایەوە وەک یەکە بتخانە و مەسجید و چەمخانە، کڵێسا و کەنیسە و مەیخانە، ئەوانە نیشتەجێی ناو عەقڵی ئینسانە.

هێمن لای سەیرە گەنجی عاشقی سەرمەست مەی بخواتەوە، مەگەر عیشق سەرمەستی نەکردووە، تەواوی حەزەکانی لە هەلقەی عیشقدا نەتواوەتەوە.

**ساقیا بۆ کوێ دەچی، بۆ کوێ دەچی؟**

**تۆیش لەبەر ئەو ملهووڕانە ملکەچی؟**

**تۆیش بە ڕەنگ و بۆی ئەوان خواردت فریو؟**

**چاوی تۆیشی هەڵیفرێواند زێڕ و زیو**

**تۆیش دەگۆڕییەوە دەگەڵ گەوهەر هونەر؟**

**کەنگی گەوهەر جوانیکردن بەختەوەر؟**

**زێڕ بەڵایە بێوەفایە دەوڵەمەند**

**هەر هونەر نەمرە، هونەروەر مەرد و ڕەند**

**چڵکی دەستە ماڵی دونیا وەک دەڵێن**

**ماڵپەرست پەیمانشکێنە و بێ بەڵێن**

**قەدری جوانی کوا دەزانێ ماڵپەرست**

**جوانپەرستە پیری خاوەن زەوق و هەست**

ئی ئی خۆمە هەر دەڕوا ملدەنێ بۆ سنگنشین، تا بۆی تێکا بۆ کابرای یەکەمین... کوڕە مەیگێڕ خوات بێت بۆ کوێ دەچی؟ دیارە زگماک داخزاوی بە ملکەچی، سەیرن ئەوانە خۆمە عەقڵیان لە چاویانە، زەڕ و زۆر و زێڕ بەرچاویانی گرتووە، ئەوەی زەرافەت و جوانییە لە ناخیاندا مردووە... منم سۆفی و دەروێشی دەرگەی

هونەر، منم ڕێ و ڕێبازی وژدانی بەشەر، منم مۆم و چرای ڕێگای کەسانی بێخەبەر..

هۆشیاربە و بە هەڵە ملمەنێ، ئاوڕ بەرەوە، لە من بنواڕە سەرەوە، کشوفشیان گومڕایە هەڵەیە، فریوە، ئەوانە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕێبارزی حەقیقەتیان نەدیوە.

**قەدری تۆ لای منە، بۆ لای من وەرەوە**

**ئەوە زەوی و ئەوە گەز بۆم تێکە و تاقیم کەرەوە**

ئەوەی هەتە مەیگێڕ دەرمانمە، ئامانجمە، خواردن و خۆراک و خوانمە، سوتەمەنی و دوانمە، هێشتا متمانەم پێ ناکەی لە خۆڕا عاشقی سەرپەڕی، وا وەرەوە دوایی پێت دەڵێن مەیگێڕێکی بێ فەڕی:

**نا مەچۆ جوانێ مەچۆ، واوە مەچۆ!**
**تۆ فریوی زێڕ و زیوی وان مەخۆ!**
**ئەو هەوەسبازانە جێی متمانە نین**
**هەر دەزانن گوڵچنین و بەی ڕنین**
**وا وەرە دەی وا وەرە نێزیک بە لێم**
**بمدەبە مەی، بمدەیە مەی تا دەڵێم:**
**"مست مستم ساقیا دستم بگیر**

**تــا نــی افتــادم زپــا دەســتم گیــرا"**
**جا کە سەرخۆشبووم بە دەنگێکی نەوی**
**بۆت دەڵێم ئەو شیعرە بەرزەی مەولەوی:**
**" بشـنو از نـی چـون حکایـت مـی کنـد**
**از جــــداییها شــــکایت مـــــی کنــــد"**

ئەی خــوا مەرگ... چ ڕۆژگــارێکە تێــی کەوتــووم، چ ڕۆژگــارێکی پیاچووم، لێیان نەپرسیم بێ پرس لە دایکبـووم، سـەد خـۆزگە بیـان پرسیبا، دەی سەرێکە و هێنـاومە و دووچـاری دوو چـاوی مەیگێـڕم، چی بکەم هاوار بـۆ هەر کـوێ دەڕۆم ڕووبەڕووی گـۆبەن و فەرتەنەم، دەڵـێم مـن جـێگەی متمـانە مـنم جـێگەی متمـانەم هەر دەڕوا دەڵـێم لێزانی مەی و پەیمانەم هەر دەڕوا، دەڵـێم جـوانکیلە مەڕۆ لە دەورت گەڕێم مەی حەڵاڵە بۆ منی وێرانە ماڵ، بۆ منی سەرگەشتەی ڕووت و ڕەجاڵ، کەچی بۆ ئەو سەربنە مل دەنا، بە نازەوە هەنگاوی شل شل دەنا.

وەرە لامەوە مژی پێوە نێم هێندە مەست بم نەزانـم تـۆ کێیـت و مـن کێم؟

**گوێم دەیە ئەی دیدە مەستی قیت و قۆز!**
**تــا بنــاڵێنم وەكــوو بلــوێر بە ســۆز**
**نـابێ قەت نـاڵەی جـودایی بـێ ئەسـەر**
**جـا چ نەی بیكـا چ پیــاوی دەربەدەر**
**بــۆیە نــاڵەم تێكەڵـــی نەی كــردووە**
**شـــێوەنێكم پێـــیە نەی نەیكـــردووە**
**لـێم گەڕێ بـا دەربـڕم سـۆزی دەروون**
**لێم گەڕێ با هەڵـوەرێنم ئەشـكی ڕوون**

لاكە لام ئەی شۆخوشــەنگی نــازەنین دەوای دەردی منــی ســەرتاپا بــرین، گــوێم دەیە وا دەنــاڵم، نــاڵەی بێكەســی، مەغــروور مەبە بە جادووی چاو مەسی، حەیف لام وابووە بۆ من فریادەڕەسی.

**ئەوەســا دەنــاڵم مەیگێــڕ مەڕۆ بە ڕێتــوە**
**ناڵەی جودایی دڵنیـابە بەرد دەتـوێنێتەوە**

بێ مەیم قەینا وا ناڵەم تێكەڵی نەی كردووە، خۆم هەواڵەی تۆفان و دەریـای بـێ پەی كـردووە، دیـارە ئەم شـەو هەر فـرە بـۆ نەهـاتمە، ئەشكی خوێنین تێكەڵی كات و ساتمە:

**شـــێوەنی مـــن شـــێوەنی ئینســـانیە**

**بـــانگی ئـــازادی و گـــڕووی یەکســـانیە**

**شـێوەنی مـن شـینی کـوردی بـێ بەشـە**

**ئەو گەلەی حاشـا دەکەن لێـی و هەشـە**

**بـا لە زارم بێـتە دەر بشـکۆیَ شـیعر**

**بـا فراوانتــر بــکەم ئاسـۆی شـیعر**

**پـارچە گۆشـتێکە دڵـی مـن ڕووی نیـیە**

**ناڵەنـــاڵی مـــن درەنـــگە زوو نـــیە**

**دەردی دووری، دەردی دووری، کوشـتمی**

**دەردی وشـیاری و سـەبووری کوشـتمی**

بەڵێ شێوەنی من شێوەنی مافی مرۆڤە، شێوەنی مـن لە تـاوی ئـازار و ئۆفە، شێوەنی من بـۆ کـوردی بـێ نـان و ئـاوە، شـێوەنی مـن بـۆ کـوردی تۆفـان لێـدراوە. کـوردم هـاوار پـا لە داوم، بەش خـورام، عەجەبە نازانم چۆن ماوم؟ لە خۆڕا من ڕووم نییە، مەزڵوومیەتی مـن خـۆ هـی ئەمـڕۆم نیـیە، هەر دەردە سـەرالێژە ئـای کوشـتمی دەردی هوشیاری کوشتمی وەرە بمنێژە کوشتمی...

**یـــادی یـــاران و وڵاتـــم ڕۆژ و شـــەو**

**لێی حەڕام کردم قەرار و خـورد و خەو**

**خەمڕەوێنێکـی لێـرە مـن نـاکەم بەدی**

**چۆن پەنا بۆ مەی نەبەم ساقی ئەدی؟**

**نــابینم خــاک و وڵات و شــاری خــۆم**

**نـابینم ناسـیا و دۆسـت و یـاری خـۆم**

**ڕوو لە هەر لایەک دەکەم نـامۆیە بـۆم**

**نــابینم جێــژوان و کەونەلانــی خــۆم**

کـاتێ ئـازیزانم دێـنەوە بیـرم، ئەودەم دەزانـم چەنـدە زەبـوون و بـێ تەکبیـرم، لەنێـو کەوڵـی خۆمـا یەخسـیرم، لەبەرزەخ و لە دۆزەخـی خۆما گیرم.

دێـم و دەڕۆم لە شـارێکا یـان نیشـتەجێم لە بارێکـا، نە یـاری، نە قەراری، نە کـۆنە هەواری، نە ئـاوڕی نـازداریێ نە ژوانـێ، نە باسـێ، ئەوەی دەبینم نامناسێ!

**شـەو دەکێشـم شـەونخوونی و بـێخەوی**

**ڕۆژ دەچێـژم دەرد و داخـی بـێ ئەوی**

**چۆن نەناڵی ئەو دڵە پڕ هەسـتی مـن؟**

**چۆن لە ئەژنۆ ببنەوە دوو دەستی من؟**

**چــۆن نەنــاڵێ ئەو دڵە ئەنگــاوتەیە؟**

**بەرد لە بەرد بێـــتەوە دەنگـــی هەیە!**

**ژانـــی ناســـۆری جـــودایيم چێشـــتووە**

**هەرچی خۆشم ویستووە جێم هێشتووە**

خەو لام تارە، شەوم زارە، ڕۆژ چ ڕۆژ هەنگاونانم لەلا بارە، خوار و لارە، ئاخر من پیشەم هۆزانە، خولیام پڕ عشق و ژوانە، دەست بە ئەژنۆم، توامەوە هەروەکوو مۆم، دێم و دەڕۆم، خنکاوم لەناو گۆمی خۆم.

وەردی مەینەت و میحنەتم کێڵاوە، ئەوەی خۆشمویستوە جێم هێڵاوە..

هەڵبڕاوم من لە یاری نازەنین
دەرکراوم من لە خاکی دڵنشین
بوومە ئاوارە و پەڕیوەی دوور وڵات
کەوتمە نێو وردە داوی ڕێی نەجات
بەکرەشۆفارە ئەوەی موخەی چنیم
زێی مەم و زینان و وڵاتی لێ تەنیم
کەوتمە نێو چاڵی دیلی وەک مەمێ
"بایەزین" لە کوێیە هاواری کەمێ!
کوا "قەرەتاژدین"، "چەکۆ" و "عەرفۆ" لە کوێن؟
بێنە هانام وەک پڵنگی چنگ بە خوێن
"لاس"ە شۆڕێک بووم غەنیمی دوژمنان
ئێستا ئەنگاوم بە تیری چڵکنان
وام بە تەنیایی لەنێو خوێنا شەلاڵ
کوانێ عێل و کوانێ " خانزاد" و "خەزاڵ"؟

مهاباد باوانەکەم هـێلانەی عشـق و ئەڤـین، چـیم بەسـەرهاتووە مەڕۆ ببین، ڕۆڵەکەت تاڵچێژە، فرمێسکرێژە، لە تاوا گێژ و وێژە، دڵخۆشیم بەرەوە شتێکم بۆ بێژە.

**قەرەتاژیدینم لە کوێیە هاوار عرفۆ کوا چەکۆ؟**
**هەروەکـوو پڵنـگ دەرپەڕن سـەنگەر و مەکـۆ.**

کوا دیوانەکەی گەرمیان، کوا مەمی کـوا شـەمێ تـا هاواریـان کەمـێ، پیر و کەنفت و بێ تاوم، نامەردان هـاتوونەتە ڕاوم وەردی مەیـنەتە، دەیکێڵم، کوان لە کوێن عەشیرەت و خێڵم؟

**زۆر لە مێژە نارەناری من نەبیست**

**هەر وەکوو "شەمزین"، "شەم"یلەی**

**خۆش دەویست**

**وەک سیامەندی لە چۆڵ و بەندەنێ**

**جەرگی لەتکردووم پەلی دارەبەنێ**

**شەتڵی جواناوم منی سارده برین**

**کوا "خەج"م تا بۆم بجێرێ گەرمەشین؟**

پیری یەخەی پێ گرتووم، ڕاستە زینـدووم، هەر ئەوەیە نەمـردووم لە هات و بۆردا، لە نـاو ئـێمەی کـورددا، ڕووداوەکـان بەڵـگە و دەلـیلە،

بنـوارە کارەسـاتی شـەمزین و شـەمیلە؟ خـۆ سـیامەندم لەبیرەچـی بەسەرهات، کەوتە ناو داوی هات و نەهات..

کێ عومری بەفیڕۆم بۆ دەبژێری، کوانی شەم، خەجۆ تا شـێوەنم بـۆ بگرێ؟

ئەی خوا هاوارم لە زارا خنکاوە، مـل بـۆ هەر کـوێ دەنـێم کەپـکە و تەڵە و داوە:

**مانگی کانوونێ بە چلوان دەرکرام**

**وەک برایم لەو وڵاتە ڕاونرام**

**کوا پەریخان بەند و باوم بۆ بڵێ**

**بۆ نەسووتێم نەبمە پۆڵووی سەر کڵێ؟**

**ئەو لە زۆزان من لە ئارانێ دەژیم**

**کێ دەڵێ ئەمنیش وەلی دیوانە نیم؟**

یاساوڵی چاوساغی دڵپڕ لە قین، هۆبە بە هۆبە گەڕان، پشکنین، کوا لە کـوێیە هێمنـی گڕهەڵگیرسـێن؟ بە هەڵبەسـتی هانـدان و خەڵـک دوێن؟

**خۆم پێ ڕانەگیرا لە وڵات دەرکرام**

**وەک لانەوازێ ڕاونرام**





دەموت خودایا ئەمە سەرەتای ئاوارەگیمە، ئەوی لای خەڵک ئازیزە لێرە خۆ من نیمە، ڕوو لە هەر کوێ دەکەم نامۆیە لام، ماندووم، لە قەتڵگای نامۆییا بنەوبارگەم لێخستووە، سەدبۆنەهات پێکەوە گشت، کەمەری مەرگەی بەستووە:

**کوردەواری ئەی وڵاتە جوانەکەم**
**ڕۆڵەکەم خێزانەکەم باوانەکەم**
**ئەی ئەوانەی قەت لەبیرم ناچنەوە**
**ئێستا بم بینن ئەرێ دەمناسنەوە؟**
**ڕۆژگار هاڕیومی وەک ئەسپوونی ورد**
**هێز و توانای لێ بڕیوم دەردە کورد**
**بوومە گەپچاڕە و دەکا گاڵتەی بە من**
**ئەو ڕمووزنەی زەندەقی چووبوو لە من**

ڕاستە من زیندووم و بەو هەموو عیللەتانەوە نەمردووم، زەمانێکە واگیری دەردەکوردم، وەک بەردی سەر نووسراون، نەخشن لە مێشکمدا، ئازیزانم مەحاڵە هەرگیز لەبیرم بچنەوە، گرنگ نییە بمناسنەوە یان نەمناسنەوە، ڕۆژێک دادێت دەوڵەتی شا تامی زوڵم و زۆر بچێژن، وەک من ساڵەها ئارەزووەکانیان لە هیچا بنێژن... عومرێکە دەژیم، ئەشکەوت بە ئەشکەوت تاش بە تاش. دەردە کورد

هاڕیومی وەک گەندمی ناو دوو بەردەئاش ئاخر یاران ئەوانە هەوێنــی بەرهەڵستیمن، تار و پوود و وجوود و فکر و هەستیمن.

چی بکەم ئەوانە نیشتەجێی کوێستانن و منیش گەرمیان، شەو و ڕۆژ لەبەرچـاومن ئەوانە، ئەوە نیـیە بـووم بە وەلـی دێـوانە، دەک دوایـان بــڕێ ئەو ڕمووزنــانە، بەر گوللـــەی کودەتــاکەون دانەدانە، دڵنیــابن دەبنە ڕسوای زەمانە....

**ئەی عەزیـــــزان ئەی ڕەفیقـــــانی وڵات!**
**ئەی برای هاوسـەنگەری جەرگەی خەبـات**
**گەر دەنـــاڵێنم ئەمـــن پەکــکەوتە نـــیم**
**تێدەکۆشـــم بــۆ وەســڵ تـــاکوو دەژیـــم**
**کۆششـــی مـــن زۆر بەجێـــیە و زۆر ڕەوا**
**چـــونکە قــــانوونی تەبـــیعەت وایە، وا**
**"هرکسـی کـو دور مانـد از اصـل خـویش**
**بــاز جویــد روزگــار وصـــل خـــویش"**

من هێمنم تا ماوەم ماوە هێزی پێم، لە ڕێگـای خەباتـا دێـم و دێـم و دێم و دێم، بێ بـاکم لەوەی چـی دێـتە ڕێـم، بـانگەوازم بـانگەوازی عیرفانییە، سەدان ساڵە تێدەکۆشم هی ئەمڕۆ نییە.

**ئەی وڵاتە جوانەکەم باوانەکەم وا دێمەوە**
**ڕێچکەم گرتووە ئەوەسا هاتووم بە ڕێمەوە**
**ڕێگە دەبڕم کوانێ هەنگاوم شلە**
**ڕاستە بێ هێزم، دەکەم ئەمما ملە**
**هەر دەپێوم کێو و شاخ و چۆڵ و دەشت**
**دێم بەرەو کوێستان بەرەو باخی بەهەشت**
**دێم بەرەو زیخ و چەو و کانیاوی خۆم**
**چۆن لەوانە وەردەگێڕم چاوی خۆم؟**
**دێم بەرەو ئەو دار و بەرد و بەندەنە**
**دێم بەرەو ئەو باخ و مێرگ و چیمەنە**
**دێم بەرەو زورک و تەلان و کەند و لەند**
**دێم بەرەو بژوێن و زەنوێر و زەمەند**
**دێم بەرەو پاناوک و هەوراز و نشێو**
**دێم بەرەو ئەشکەوت و زەندۆڵ و پەسێو**
**دێم بەرەو بەفر و چلوورە و بەستەڵەک**
**دێم بەرەو شێخاڵ و ڕێچکە و ڕەشبەڵەک**
**دێم بەرەو لێڕ و چڕ و بەستێن و چۆم**
**دێم بەرەو هەڵدێر و گێژ و بەند و گۆم**

خەڵکینە! وا هێمن کەوتووەتە ڕێ وا هات بەرەو باوان هێمن هێمن، ملدەنێ ورد دەبێتەوە لە دار، لە بەرد، لە دیمەن لە چیمەن، لە زەوی لە بەندەن، لە ئاسمان... ئەوەسا دەپێوی کێو و شاخ و دەربەند و دەشت، لە هیچ ناگوزەرێ بست بست، وڵاتەکەی دەپێوێ بەرەو شارەکەی وڵاتەکەی دێتەوە، ئەوی دەیبینێ لێی ورد دەبێتەوە، لە زیخ لە چەو، لە کانیاو و لم و لەو، ئەو تاسۆی بینینی دار و بەرد و بەندەنە، ئەو عاشقی باخ و مێرگ و چیمەنە، شەیدای زوزک و کەند و لەند و تەلانە، ڕێبواری ژوانە بۆلای زەنوێر و زەمەند و بژوێن ڕادەوەستێ دەنوارێتە ئەم دیو و دیو، بەرەو پاناوک و هەوراز و نشێو، ورد دەبێتەوە لە دار و درەخت و بەرد و کێو، لە ئەشکەوت و زەندوڵ و پەسێو.

بەڕێوەیە شەیداکەی موکریان، بێ فکر نییە، ئاوڕی هەنگاونان، ئەوەسا ورددەبیتەوە لە بەفر و چلوورە و بەستەڵەک، لە قریوەی نازدارانی ڕەشبەڵەک... هێمن داستانێکە، دوایی نایەت، هێمن ئاوری هەڵۆ ئاسایە، لە لێڕ و چڕ و بەستێن و چۆم... لە هەڵدێر و هەلهەلە و گێژ و چۆم.

**دێم بەرەو هۆبە و هەواری با سەفا**

**دێم بەرەو لادێ، کانگەی وەفا**

**دێم ببینم نیشتمان و زێدەکەم**

**دێم ببینم خزم و کاک و دێدەکەم**

**دێم دەگرم بازی بێری شۆخ و شەنگ**

**دێم و دەگرم دەستی دۆی جوان و چەلەنگ**

**دێم گراوی خۆم لە باوەش وەرگرم**

**دێم نەهێڵم بەرهەڵست و بەرگرم**

خەڵکینە! برۆن بە پیریەوە، هێمنی سی و پێنج ساڵ دەربەدەر وا بەرەو وڵات بۆ سابلاغ، ڕێگەی گرتووەتە بەر، با تاقیکاتەوە هۆبە و هەواری با سەفا، با هەڵڕێژێ دەرد و زوخاوی ڕۆژانی پڕ جەفا، لێگەڕێن عومرێکە دوورە لە زێدەکەی، با شادبێتەوە بە دیمەنی وڵات و دێدەکەی.

بە عیشقەوە هاتووەتەوە تا بگرێ بازووی بێری شۆخ و شەنگ، لێیگەڕێن ئەوی دەیەوێت با بیکات، با بگرێ دەسی دۆی جوان و چەلەنگ، هێمن عومرێکە لە ژیان مەحرومە، وا دەڵێ لێمگەڕێن لە زیندانی غوربەت بەڕێوەمە، عومرێکە خاوەنی باوەشی ساردم، هەر هەمووی بێ وەڵام بۆ ئەو پەیامانەی وا هەناردم.

**دێم و هەڵدەمژم شنەی کوێستانی کورد**
**دێم و دەچمە شەوڕنی بێستانی کورد**
**دێم و دەشکێنم لێوی جامی شەڕاب**
**ماچی شیرین نایەڵێ تامی شەڕاب**
**دێم و ناترسم لە پەرژینی بەزی**
**هەر پەری سەرکەوت و دێوەزمە بەزی**
**تا بمێنێ نووری چاو و هێزی پێم**
**دێم و دێم و دێم و دێم و دێم**
**دێم هەتا هەمبێ برِست و بیروهۆش**
**گەر گلاشم کوردەواری ئێوەخۆش**

جارِ بدەن لەنێو شارا، لە دیارا، وا هێمن هاتەوە، ئاوی ئۆخەی لە وڵاتدا دەخواتەوە، تەنهایی ناوەتە لاوە، لەناو خەڵکە، لە بەرد لە دار، لە زیخ، لە چێو، وردەبێتەوە بەلایەوە سەیرە، بە کەڵکە ئاوەزی لێوان لێوە لێی دەڕژێ ئەوەسا شنەی بای کوێستان هەڵدەمژێ، گەیشتووەتەوە هەوارگە و ئاژەی لێ دەرکراوی...

من وەک خوسرەوجاف ئاواتەخوازبووم لە نزیکەوە هێمن ببینم، ژیان و ڕووداوەکانی سیاسەت و هەڵکەوت و داکەوتی زیندەگی ئەو ئاواتەی کردە مەحاڵ و ئەوەسا یەکێکە لە ئاواتەکانم وا لەگەڵ خۆما دەیبەمە ناو گۆڕەوە. دەی زۆر کەس وەک من هەن ئاواتەکانیان بۆ

مەحاڵە، بەندە بیست ساڵ لە دەرەوەی وڵات بووم، کاتێک گەڕامەوە هێمن گەڕایەوە وڵاتی خۆی، لە دوورەوە ناسیومە.

ناڵەی جودایی بە شاکارێکی ئەدەبی نەتەوایەتی مەزن دەزانم، وەک: فکر و زەرافەتی شیعر، وەک دەرد و ژانی تەنهایی و دەربەدەری، بەندە بڕیارم داوە لە ساڵانی دەربەدەری و غوربەت و تەنهاییی هێمندا لە هەر ماڵێکدا، حوجرەیەکدا، ژیابێت لە بەغدا و شارەکانی کوردستان پیاداچوونەوەی بۆ بکەم، ئەو دەم وەک کتاوێک بیخەمە بەرچاو.

من نازانم ئەوە کەم لووتفییەکی بەرچاوە دەرهەق بە هێمن دەکرێ. خوێنەری کورد، ئەکادیمەیتی کورد ئەکادیمیا، ئەم شاعیرە بەرز و بوڵندەی کوردەی باش لە یەک نەداوەتەوە، لە بواری خەباتا، لە دەروونناسیدا، لە ژان و مەحەڕوومیەتدا لە زمان و زمانەوانیدا، هەر یەکە لەوانە شایانی نووسینی چەندان نامەی دکتۆرایە، کەچی کەمترخەمییەکە حەی عەلاسەلاتە.